# هێمای وێنەیی لە پێوەندییە وەرزشییەکاندا

سەنگەر عبداللە ڕحمان
بەشی کوردی/ کۆلێژی زمان/ زانکۆی سەلاحەدین
sangar.rahman@su.edu.krd

پ.د. یوسف شەریف سەعید
بەشی کوردی/ کۆلێژی زمان/ زانکۆی سەلاحەدین.yousif
saeed@su.edu.krd

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی: (هێمای وێنەیی لە پێوەندییە وەرزشییەکاندا)یە، لەم توێژینەوەیەدا باس لە وێنە و جۆرەکانی کراوە، وەک هێمایەکی نازمانی، کە ڕۆڵێکی گرنگ لە پێوەندییە وەرزشییەکاندا دەگێڕێت، بە تایبەتییش لە یاریی تۆپی پێدا.

توێژینەوەکە لە دوو بەش پێک هاتووە: لە بەشی یەکەمدا، باسی زمان و پێوەندیکردن کراوە و دواتر چەمکی پێوەندیکردن ڕوون کراوەتەوە، لە پاشان جۆرەکانی پیشان دراوە کە پێک هاتوون لە پێوەندیکردنی (زمانی، نازمانی، تێکەڵ)، لە بەشی دووەمیشدا، باس لە چەمک و زاراوەی هێماسازی باس کراوە، دواتر ئاراستەیەکی هێماسازی باس کراوە، ئەویش ئاراستەی هێماسازیی پێوەندیکردنە، لە پاشان هێما پێناسە کراوە و لەگەڵ هەردوو جۆرەکەی (زمانی و نازمانی)، دواتر جۆرەکانی هێمای نازمانی خراونەتە ڕوو، لەپاشان وێنە بە جۆرەکانییەوە لە پێوەندییە وەرزشییەکان پراکتیزە کراوە.

توێژینەوەکە ئامانجی ئەوەیە، کە وێنە وەک هێمایەک نیشان بدات، لە پێوەندییە وەرزشییەکاندا، چونکە لەئێستەدا وەرزش گرنگیی و بایەخێکی زۆری هەیە. هەر وێنەیەک بەرانبەر هەزاران وشە دەوستێت بۆ پیشاندانی واتا.

کلیلەوشە: پێوەندیکردن، هێما، وەرزش، وێنە، هێمای نازمانی

ناونیشانی توێژینەوەکە:

ئـەم توێژینەوەیـە بـە ناونیشـانی (هێـمای وێنەیـی لـە پێوەندییـە وەرزشییەکاندا)ـیە، تێیـدا شـیکردنەوە بـۆ هێـما وێنەییـەکان کـراوە، کـە لـە پێوەندییـە وەرزشـییەکاندا، بەتایبەتیـش لـە یاریـی تۆپـی پێـدا بـەکار هاتـوون.

سنووری توێژینەوەکە:

سـنووری کارکردنـی توێژینەوەکـە لـە بـواری زمانەوانـی/ هێماسـازیدایە، لـە کاتـی پێویستیشـدا سـوود لـە ئاسـتەکانی تـری زمـان وەرگیـراوە، چونکـە بابەتەکـە ئـەو هێـما وێنەیانـەن، بـە شـێوەیەکی پراکتیکـی لـە یاریـی تۆپـی پێـدا ڕوونکردنـەوە و شـێکردنەوەی بـۆ کـراوە.

ڕێبازی توێژینەوەکە:

لـەم توێژینەوەیـەدا ڕێبـازی (وەسـفی – شـیکاری) پەیـڕەو کـراوە، بـۆ خسـتنەڕوو و شـیکردنەوەی بابەتەکـە، لەگـەڵ ئەوەشـدا لـە هـەر شـوێنێک پێویسـت بووبێـت، بەشـێوەی کارەکـی بـە وێنـە هێـماکان ڕوون کراونەتـەوە، کـە لـە پێوەندییـە وەرزشـییەکاندا هـەن.

کەرستەی توێژینەوەکە:

کەرسـتەی توێژینـەوە لـە چوارچێـوەی دیالێکتـی کرمانجیـی ناوەڕاسـتی زمـانی کوردیدایـە، نموونەکانیـش بریتییـن لـەو هێـما وێنەییانـەی، کـە لـە یاریـی تۆپـی پێـدا بـەکار دێـن. وێنەکانیـش لـە پێگـەی ئەلیکترۆنیـی گووگڵـەوە وەرگیـراون.

ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:

ناوەڕۆکـی توێژینەوەکـە، جگـە لـە پوختـە و پێشـەکی و ئەنجـام، لـە دوو بـەش پێـک هاتـووە:

لـە بـەشی یەکەمـدا زیاتـر بـاس لـە پرۆسـەی پێوەندیکـردن کـراوە و زمـان و پێوەندیکـردن خراوەتـە ڕوو، لەگـەڵ چەمـک و پێناسـەکەی و هـەر سـێ شـێوەکەی کـە بریتیـن لـە پێوەندیکـردنی (زمانـی، نازمانـی، تێکـەڵ).

بـەشی دووەمیـش تەرخـان کـراوە بـۆ هێماسـازی، لـە سـەرەتادا چەمـک و زاراوەی هێماسـازی خراوەتـە ڕوو، هەروەهـا هێماسـازی پێوەندیکـردن، کـە ئاراسـتەیەکە لـە ئاراسـتەکانی هێماسـازی بـاس کـراوە، دواتـر چەمـک و پێناسـەی هێـما و جـۆرەکانی هێـما کـە بریتیـن لـە هێـمای (زمـانی و نازمانـی) خراونەتـەروو، ئینجـا جـۆرەکانی هێـمای نازمانـی کـە بریتیـن لـە (نیشـانە، وێنـە، ئامـاژە) بـەڵام بەهـۆی سـنووری توێژینەوەکەمـان تەنیـا وێنـە وەک هێمایەکـی نازمانـی نیشـان دراوە و جـۆرەکانی خراونەتـە ڕوو، لـە یاریـی تۆپـی پێـدا وەک پێوەندییەکـی وەرزشـی پراکتیـک کـراوە و نموونـەی لـێ وەرگیـراوە و شـیکردنەویان بـۆ کـراوە.

لـە کۆتاییـدا جگـە لـە ئەنجامـی توێژینەوەکـە، لیسـتی سـەرچاوەکان و پوختـەی توێژینەوەکـە بـە زمـانی عـەرەبی و ئینگلیـزی پێشـکەش کـراوە.

(١-١) زمان و پێوەندیکردن:

مـرۆڤ لـە زۆر ڕێگـەی جیاوازەوە هەوڵـی دەسـتەبەرکردنی پێوەندیکـردن و ئاڵوگۆڕکـردنی زانیـاری و هەسـت و سـۆزەکانی دەدات، بـەڵام گرنگتریـن و سـەرەکیترین ئامـراز، کـە مـرۆڤ بەکاریـان دەهێنێـت بـۆ پێوەندیکـردن بریتییـە لـە زمـان، ئینجـا زمـانی گوتـراو (زمـانی) یـان نـووسراو (نازمـانی) بێـت، یـان تێکـەڵ بێـت، کـە دەچنـە خانـەی پێوەندیکـردنی زمـانی و نازمـانی تێکـەڵ.

زانایـان و زمانناسـان زۆر پێناسـەی جیـا جیایـان بـۆ زمـان کـردووە، هەروەهـا لـە دیاریکـردنی ئەرکەکانیـش بۆچـوونی جیاوازیـان هەیـە، بـەڵام تـا ڕادەیەکـی زۆر لەسـەر ئـەو بڕوایـە کـۆک و هاودەنگـن، کـە گرنگتریـن و سـەرەکیترین ئەرکـی زمـان بریتییـە لـە پێوەندیکـردن، هەروەکـوو (لاینـز) دەڵێـت: «زمـان ئامرازێکـە بـۆ پێوەندیکـردن» (Rasul, ٢٠٠٦, ٧) یـان دەتوانیـن بڵێیـن: «پێوەندیکـردن، بـە دیارتریـن ئەرکـەکانی زمـان دادەنرێـت.» (جـراد، ٢٠١٣، ٨)

کەواتـە پێوەندیکـردن بەبـێ زمـان ئەنجـام نادرێـت، چونکـە گرنگتریـن ئامێـری پێوەندیکـردن زمانـە، جـا زمـانی نـووسراو بێـت یـان گۆتەیـی بێـت یـا ناگۆتەیـی، مەبەسـتی سـەرەکی مـرۆڤ لـە داهێنـان و بەکارهێنـانی زمـان تێگەیشـتنە لـە دەوروبەرەکـەی، بۆیـە بـۆ ئـەم مەبەسـتە جگـە لـە زمـان ڕێگـەی تریـش هەیـە بـۆ پێوەندیکـردن، ئەویـش زمـانی بزاوتنـە، هەندێـک جـار لەگـەڵ زمـانی ئاخاوتنـدا بەکاردێـن

و هەندێکجار بەبێ زمانی ئاخاوتن، «بە بڕوای زمانەوانانی وەک (ڤۆنت و مار) زمانی سەرەتا، زمانی بزاوتن بووە، کە تاوەکوو ئێستەش لەگەڵ زمانی ئاخاوتندا بەکار دێت، وەک (سەرلەقاندن و چاو تروکاندن و.... هتد).» (صالح، ٢٠١٩، ٨٦) یەکێکی تر لەو ڕێگایانەی، کە «بەبێ زمان بەکاردێن بۆ پێوەندیکردن، وەک گلۆپی هاتوچۆی ناوشارەکان.» (فتاح، ٢٠١١، ٢٣).

(١-٢)چەمک و پێناسەی پێوەندیکردن:

مرۆڤ هەر لەو کاتەی کە گیانی کراوەتە بەر و ژیاوە، وەک بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگە، هەمیشە مەیلی پێکەوە ژیانی هەبووە، پێوەندیکردنی بە پێویستییەکی گرنگی بەردەوام بوونی ژیان زانیوە و بە کۆڵەگەی ژیان سەیری کردووە، هەر لە دێر زەمانەوە تاوەکوو ئەمرۆ، سات لە دوای سات لەگەڵ پێشکەوتنی ژیان و شارستانیەت پەرەی بە پێوەندیکردن داوە و شێوە و جۆری جیاوازی لێ دروست کردووە، چونکە مرۆڤ بە بەردەوامی لەگەڵ گەشەکردن و پێشکەوتندا شتی نوێ و زانیاری و کارامەیی زیاد کردووە، بۆ ئەوەی مامەڵە و هەڵسوکەوت لەگەڵ کەسانی دیکە بکات، لە ژیان بڕەوی بە پێوەندیکردن و بەکارهێنانی داوە و بە گرنگی زانیوە. تەنانەت گیانەوەرانیش لە پێوەندیکردندان لەگەڵ یەکتر، واتە پێوەندیکردن تایبەت نییە بە مرۆڤ، گیانەوەرانیش «پێوەندی لەگەڵ یەکتر دەبەستن و لە ڕێگەی پەیوەندی نێوانیان دەتوانن ئاگاداری زۆر شت بن و یەکتری لە مەترسی سەرما و برسییەتی و ترس ئاگاداربکەنەوە، بەڵام بەهۆی سنووردارێتی هۆش و بیرکردنەوەیان و نەبوونی سیفەتێکی پێشکەوتوو لە مێشکیاندا وایکردووە، کە کردەی پێوەندیکردن لە نێوان ئاژەڵاندا سنووردار بێت.» (ئەحمەد، ٢٠١٧، ٥)

پێوەندیکردن پرۆسەیەکی ئەقڵی زمانییە، لە ڕێگەی مرۆڤەکانەوە کاریگەری دەکەنە سەر یەکتری، بۆیە ئەرستۆ دەڵێت: "پێوەندیکردن مەبەست لێی قەناعەتپێکردنی ئەوانی دیکەیە، پێوەندیکەر بە هەر ڕێگە و بە هەر ئامرازێک بۆی بکرێت، دەیەوێ کار بکاتە سەر بەرانبەرەکەی بیر و بۆچوون و باوەڕی خۆی بەسەردا بچەسپێنێ." (سورخی، ٢٠٠٨، ١٤) کەواتە دەبێت ئەقڵێک کاربکاتە سەر ئەقڵێکی تر، هەندێک جار دەبێتە هۆکارێک بۆ گۆڕینی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی وەرگر "پێوەندیکردن پرۆسەیەکە، کە کەسێک(نێرەر) پەیامێک بە مەبەستی ڕاستکردنەوەی یان گۆڕینی ڕەفتاری کەسێکی تر(وەرگر)دەنێرێت." (ئەحمەد، ٢٠٠٨، ٧) ئەمەش بەوە دەبێت، کە نێرەر زانیاری و بیرو باوەڕی خۆی بۆ وەرگر بنێرێ و وەرگریش توانای تێگەیشتنی زانیارییەکانی هەبێت، بۆیە (کۆنتز) دەڵێت: "پێوەندیکردن بریتییە لە ناردن و گواستنەوەی زانیاری لە نێرەرەوە بۆ وەرگر لەگەڵ پێویستی تێگەیشتنی زانیارییەکان لەلایەن وەرگر." (الصیرفی، ٢٠٠٦، ٥) ئەمەش دەکرێ ئەو زانیاریانە بە قسە یان نووسین یان ئاماژە بێت، بۆیە پێوەندیکردن "بریتییە لە پرۆسەی دەربڕینی بیر و هەست یان پێدانی زانیاری بە خەڵک، بە قسە یان بە نووسین یان بە ئاماژە. " (Eastwood, 2002, 243) یان گۆڕینەوەی بیر و ڕاکان لە نێوان تاکەکان، کە "بە چەندان ڕێگەی جیا جیا ئەنجام دەدرێت، وەکوو ئاماژەکان، ئاماژە بێ چپەکان، گوزارشتەکانی ڕووخسار، جووڵەی دەستەکان، دەربڕینە هەڵچووەکان و زمان." (عبدالعزیز الشخص، ١٩٩٧، ١٨) کەواتە پێوەندیکردن بە قسە، نووسین، ئاماژە یان گوزارشتەکانی دەم و چاو...هتد دەبێت لە ڕێگەی سیستەمێکەوە بێت و ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتی لەسەربێت، بۆیە لە فەرهەنگی (Webster) بەم جۆرە پێناسە کراوە: "پرۆسەیەکە، تیایدا چەمکەکان لە نێوان تاکەکان ئاڵوگۆڕ دەکرێن، ئەویش لە ڕێی بەکارهێنانی سیستەمێکی هێمایی، کە لەسەری ڕێککەوتوون." (شرف، ١٩٨٧، ٢٧)

پێوەندیکردن ئەو کردارەیە، کە بەهۆیەوە تاکەکان ناردن و وەرگرتنی بیر و بۆچوون و زانیاری و هەست و ئارەزووەکانیان لەسەر ئەنجام دەدەن، بە بەکارهێنانی ئەو هێمایانەی لەسەریان ڕێککەوتوون و واتایان هەڵگرتووە، ئەو هێمایانە درکاو بن وەک (ئاخاوتن) یان هێمای نەدرکاو بن وەک (نووسین) یان زمانی جەستە یان ئاماژەکان، یان گوزارشتەکانی ڕووخسار و هەموو ئەو ڕێگایانەی کە پەیام دەگەیەنن." (مطر، ٢٠٠٤، ٣)

بۆیــە ئێمــەش پێــمان وایــە، پێوەندیکــردن کردارێکــە یــان پرۆســەیەکە لــە نێــوان تاکــەکانی کۆمەڵگــەدا دروســت دەبێــت، جا لـە نێـوان دوو تـاک یـان تاکێـک و کۆمەڵێـک، کـە مەبەسـتی نێــرەر لــە پێوەندیکردنــدا بــۆ بڕواپێکــردنی بەرانبەرەکەیــەتی (وەرگـر) یـان بـۆ سـەپاندنی بیـرو بۆچوونەکەیـەتی یـان پێـدانی زانیـاری و کارامەیـی یـان ئاڵوگۆڕکـردنی بیروڕاکەیەتـی.

(١-٣)شێوەکانی پێوەندیکردن:

ئامانجــی ســەرەکی پێوەندیکــردن گواســتنەوەی مانــا و زانیـاری پەیامەکانــە لــە ژینگەیەکــەوە بــۆ ژینگەیەکــی تــر، بــۆ گەیشــتن بــەو ئامانجانــە، مــرۆڤ ڕێــگا و شــێوەی جیــاواز دەگرێتــە بــەر، بۆیــە بــە گوێــرەی بەکارهێنــانی زمــان لــە ڕووی دەربڕینــەوە، کــە تیایــدا هێــما و ئامــاژەی دیاریکــراو بــەکار دێــن، زمـانی بـێ یـان نازمـانی، هــەر یەکەیـان هەڵگـری واتـان و بەســەر ســێ جــۆر دابــەش دەکرێــت:

(١-٣-١)پێوەندیکردنی زمانی (گوتەیی):

ئــەم پێوەندیکردنــە زارەکیــشی پێدەوترێــت، چونکــە لــە ڕێگــەی قســەکردنەوە دەبێــت. لــەو شــێوەی پێوەندیکردنــەدا لــە ڕێــگای زمــانی درکاو یــان زمانــی نووســینەوە ئەنجــام دەدرێــت، کــە نێــرەر پەیامەکــەی لــە ڕێگــەی زمــانی گوتــراو یـان زمـانی نووسـین (بەبـێ دەنـگ) دەگەیەنێـت بـە وەرگـر، کەواتــە چ بەهــۆی بەکارهێنــانی دەنگەکانــەوە بێــت یــان بــێ دەنـگ، لـەم شـێوەیەی پێوەندیکردنـەدا، مـرۆڤ وشـە و فرێـز و ڕستە بەکاردەهێنێـت. واتـە "نووسـین و قسـەکردن هـەردوو پشــت بــە زمــان دەبەســتن."((عبدالکریم، ٢٠٠٧، ١٥٩)

پرۆســەی گوتــن و خوێندنــەوەی وێنــە (دەنگــە نــووسراوەکان)، هەریەکەیـان هەڵگـری واتایەکـی دیاریکـراون بــە گەیشــتنیان بــە وەرگــر، کاریگــەری دروســت دەکــەن و دەبنــە هــۆی کاردانــەوە، لــە ڕێگــەی بیســتن و بینینــەوە دەگــەن بــە مێشــکی وەرگــر. بۆیــە، پێوەندیکــردنی زمــانی بــە پرۆســەکی ئاڵــۆز دادەنرێــت، دەبــێ مێشــک ئامادەییەکــی تــەواوی هەبێــت، چونکــە "ئــەم جــۆرە پێوەندییــە زیاتــر جێگــەی بایەخــە و زیاتــر یاســاییە، تــاک لــە ژیــانی ڕۆژانــەدا هەمیشــە لــە چوارچێــوەی ئــەم جــۆرە پێوەندییــە دایــە، لــە هەمــان کاتــدا ئــەم جــۆرە پێوەندییــە لــە هەنــدێ بــاردا پشــت دەبەسـتێ بـە هەنـدێ هێـما ئامـاژەی نازمـانی" (عبدالرحمـن، ٢٠٠٩، ٢٤) کەواتــە پەیوەســتە بــەو کۆدانــەی کــە لــە پێوەندیکــردنی نازمانیــدا هــەن.

(١-٣-٢)پێوەندیکردنی نازمانی (ناگوتەیی)

بـە شـێوەیەکی گشـتی ئـەو پێوەندییانـەن، کـە قسـەکردن و نووســینیان تیــادا بــەکار نایێــن. کــە زۆر جــار پێیدەوترێــت زمانیــی بێدەنــگ. بۆیــە "بریتیــە لــەو ڕێگەیــەی، کــە خەڵــک بــە شــێوەیەکی دەســتکرد یــان سروشــتی پێوەندیکــردن بەبــێ بەکارهێنـانی وشـەی دەربڕاو ئەنجـام دەدەن، وەک (گوزارشـتەکانی دەم و چـاو، تـۆنی دەنـگ و ئامـاژە جەسـتەییەکان، بەرکەوتنـی کەســەکان." (Aronson etal, 2016, 86)

مــرۆڤ ســەرەڕای بەکارهێنــانی دەنگــەکانی زمــان و قســەکردن و نووســین، دەتوانێــت بەبــێ بەکارهێنــانی دەنــگ و نووســینیش پێوەنــدی ببەســتێت، ڕێــژەی بەکارهێنــانی پێوەندیکــردنی نازمــانی زۆر زیاتــرە لــە پێوەندیکــردنی زمــانی، هەروەهــا پێوەندیکــردنی نازمــانی "لــەڕووی مێژووییــەوە لــە پێوەندیکــرنی زمــانی (گوتەیــی) و زمــانی نــوسراو کۆنــترە، بنچینــەی دروســتبوونی زمانــە، هەمــوو ئــەو پرۆســانەی لێکگەیشــتن دەگرێتــەوە، کــە ناکــرێ بەنووســین یــا قســەکردن دەربــبڕێــن یــا بــارودۆخ لــە بــار نییــە بــۆ دەربڕینیــان بــە نووسـین و قسـەکردن، گوێگـر لـەم جـۆرە پێوەندیکردنـەدا بـە زۆری پشــت دەبەســتێت بــە هەســتی بینیــن و شــیکردنەوەی بــە یاســا کۆمەڵایەتــی و دەروونییــەکان." (عبدالرحمــن،٢٠٠٩، ٢٤-٢٥) واتــە پێوەندیکــردن لێکدانــەوەکانی دوورن لــە یاســا ڕێزمانییــەکانی زمــان، لەشــوێنیان ڕێکەوتنــی کۆمەڵایــەتی و بــاری دەروونی کەســەکان شــوێنیان دەگرنــەوە.

ئـەو پێوەندیکردنـە پێویسـتی بـە زمـان نییـە، بـۆ گەیانـدنی پەیـام لـە نێـرەرەوە بـۆ وەرگـر، زمـانی جەسـتە و ئامـاژەکان و وێنـە... هتـد جێگـەی زمـانی قسـەکردن و نووسـین دەگرنـەوە، بۆیــە پێوەندیکــردنی نازمــانی بریتییــە "لــە گواســتنەوەی پەیــام بــێ ئــەوەی زمــان بــەکار بهێنرێــت، واتــە وشــە و دەنـگ تیایـدا بـەکار ناهێنرێـت، بەڵکـوو پەنـا دەبرێتـە بـەر شــێوازی ئامــاژە و هێــما و زمــانی چــاو و جەســتە، کــە دوور لـە دەربڕینـی زمـانی کار دەکـەن، لەگـەڵ ئەوەشـدا مەبەسـت لـەم جـۆرە بەکارهێنانـە ڕاپەڕانـدنی هەمـان ئـەو ئەرکانەیـە، کـە زمـانی ئاخاوتـن ئەنجامیـان دەدەن." (ئەحمـەد، ٢٠٠٨، ٢٢)

لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە پێوەندیکردنی زمانی بە تەنیا ناتوانێت دەربڕی پەیوەندییەکی پتەوە و تۆکمەو بێ کەم و کوڕی بێت، بەڵکوو پێویستی بەلایەنێکی دیکە هەیە بۆ ئەوەی لە کاتی ئاخاوتندا بەکاری بهێنێت، ئەویش پێوەندی نازمانییە.

پێوەندی نازمانی زۆر جاران کاریگەر و بەهێزترە لە پێوەندی زمانی، چونکە دەتوانێت هەست و سۆز و خۆشی و ناخۆشی و ڕق و تووڕەبوون و هەڵچوونەکان بگەیەنێت بە بێدەنگی، کاریگەرییەکی باش بە جێدێڵێت لەسەر مرۆڤ، بۆ نموونە لە بواری کۆمیدیا هەردوو ئەکتەر (چارلی چاپلن و مستەر بین) دوو ئەرکتەری دیارن، کە توانیویەتییان ملیۆنان کەس بێنە پێکەنین بە بێ ئەوەی دەنگێکیان لە زمان بێتە دەر، یان لە ئێستەدا کەسایەتی دیاری تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان (خابی)، کە ملیۆنەها فۆلۆوەری هەیە، لەسەر ئاستی جیهان، تەنیا بە بەکارهێنانی زمانی جەستە وای کردووە جەماوەرێکی زۆر لە دەوروبەری خۆی کۆبکاتەوە، بەو جوڵانە بناسرێتەوە و پێگەیەکی جیهانی دروست بکات.

هەروەها کاریگەری بەرکەوتنی جەستەی وەک (سەرلێکدان (کەللە لێدا) و بۆکس لێدان و دەست لە شاندان.... هتد) کاریگەرییان زۆر زیاترە لە قسەکردن و نووسین، بۆ نموونە "میشال کراوس-Michal Kraus) و هاوڕێکانی هەستان بە تاقیکردنەوەیەکی تایبەت بە کاریگەری دەستلێدانی یاریزانان لە یاریی تۆپی باسکەدا بۆ یارییەکانی وەرزی (٢٠٠٨) خولی (ئێن بی ئەی- NBA) ئەمریکی بۆ هەموو یانە بەشداربووەکان، لە ئەنجامدا بۆیان دەرکەوت ئەو تیمەی کە یاریزانەکانیان لە هەموو تیمەکان زیاتر بەرکەوتنیان لەگەڵ یەکتر هەبوو وەک (های فایف و بۆکسلێدان وسەرلێدان و باوەشکردن بەیەک) لەکۆتایی وەرز، ئاستیان لەچاو تیمەکانی تر" باشتربوو (Gilovich etal, 2016، 211)

ڕانداڵ هاریسۆن چۆنیەتی پێکهاتنی ئەم پێوەندیکردنە بۆ چوار شێوە دابەشیان دەکات. (عيساني، ٢٠٠٨، ٤٣)

(١-٣-٢-١)کۆدە دەربڕاوەکان:

ئەم جۆرەی کۆد هێما نازمانییەکان دەگرێتەوە، کە تایبەتن بە دەربڕینەکانی جەستە، وەکوو گوزارشتەکانی دەم و چاو و ئاوازی دەنگ، واتە تۆنی دەنگ لە ڕووی بەرزی و نزمییەوە (ئیسبێرک و سمیث) بۆ سێ بەش دابەشی دەکەن: (Shamas and wig, 1982, 2) :

أ- پارازمانی (Para linguistic): ئەو پێکهاتە دەنگیانەن، کە ناچنە ناو چوارچێوەی فۆنیمەکان. وەکوو (قیژاندن، گریان، پێکەنین، هاوارکردن...هتد).

ب- زمانی جەستە (Body language): ئەو جووڵانەن، کە بە لەش دەکرێن و واتا دەگەیەنن، وەکوو (گوزارشتەکانی دەم و چاو.....هتد).

ج- دوورو نزیکی ماوەی نێوان پێوەندیکەران (Proxemics) : ئەمە مەودای و شوێنی جەستەی دوور و نزیکی پێوەندیکەران دەگرێتەوە.

(١-٣-٢-٢) کۆدە دروست کراوەکان:

بریتین لەو ئاماژە ناگوتەییانەی، کە هەڵگری واتان، لە ژێر کۆنترۆڵی خۆمانن، وەک بەکارهێنانی جل و بەرگ و کەرستەکانی جوانکاری و کەل و پەل، هەروەها ئەو ڕەمزانەی پلە و پایەی مرۆڤ دەردەخەن.

(١-٣-٢-٣) کۆدەکانی ڕاگەیاندن:

ئەو کۆدانە تایبەتن بە پێوەندیکردنی جەماوەری، کە تێدا لە ڕاگەیاندن بەکاردێن، ئەمەش لە ئەنجامی توانا و تەکنیکیان بەهۆی هەڵبژاردن و ڕێکخستنی هەندێ ئاماژەی ناگوتەیی دروست دەبن. زیاتر بە بەکارهێنانی وێنە و ڕەنگ و موسیقای تایبەتی و کاریکاتێر... هتد) پیشان دەدرێت، وەکوو (سەر نووسەرێک وێنەیەک بە چەند شێوەیەک یان چەن ڕەنگێک دەربخات، یان لە یاریی تۆپی پێ دەرهێنەری یاریەکە جووڵەی یاریزانێک چەند جارێک و بە چەند شێوەیەکی جیاواز پیشان بدات.)

(١-٣-٢-٤)کۆدەکانی بارودۆخ:

کات و شوێن دەگرێتەوە، دەشێت بە بارودۆخی پێوەندیکردن ناوی بنێین، بۆ نموونە دەکرێت وا لە کەسێکی ناسیاو بکەین، کە بۆ ماوەیەکی زۆر چاوەڕیمان بکات بەبێ بەڵگە یان لە کاتی دانیشتن پشت لە کەسێکی ناسیاو بکەین یاخود لە دووری دابنیشین یان ڕیزکردنی خەڵک بەپێی پلە و پایەیان.

پەیوەندیکردنی نازمانی، کە چەندان چەشن و جۆر دەگرێتەوە، کە ڕۆڵێکی کارا و کاریگەر دەگێڕێت لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا، جا چ بە شێوەی خۆ ویستانە بێت یان خۆ نەویستانە، پەیوەندیکەر لە ژیانی ڕۆژانەیدا سوودی لێ وەردەگرێت و بەکاری دەهێنێت بۆ مەبەستێکی دیاریکراو.

(١-٣-٣) پەیوەندیکردنی تێکەڵ:

یەکێکی ترە لە جۆرەکانی پەیوەندیکردن، کە تێدا هاوبەشەکانی پرۆسەکە لە یەک کاتدا هەردوو جۆری پەیوەندیکردنی زمانی و نازمانی بەکاردەهێنن، واتە نێرەر یان وەرگر لەوکاتەی، کە قسە دەکات و پەیامە زمانییەکانی دەگەیەنێت لەگەڵیشدا هەندێ جووڵەی جەستەیی وەک (سەر لەقاندن و دەست جولاندن...هتد) بەکاردەهێنێت، کە ئەم پەیوەندیکردنە باوترین و نایابترین جۆری پەیوەندیکردنە، ڕاستگۆییەکی تەواوی تێدایە، لە ئێستەدا هەوڵ دەدرێت واتای وشەکان و دەربڕینەکان لە ڕێگەی ئەو جووڵە جەستەییانەی، کە لە کاتی پەیوەندیکردنی زمانیدا بەکار دێت لێک بدرێتەوە. بۆیە لە کاتی توێژینەوە لە کەسی تاوانبار دەستەکانی نابەسترێنەوە و چاوەکانی کراوەن واتە ئازادانە مامەڵە دەکات، تاوەکوو لە ڕێگەی زمانی جەستەوە واتای قسەکردنەکەیان بۆ ڕوون ببێتەوە، چونکە مرۆڤ زۆربەی کات لەکاتی پەیوەندیکردنی زمانی بەبێ ویستی خۆی پەیوەندیکردنی نازمانی تێکەڵ بە یەکتر دەکات، ئەمەش کاریگەریی زیاتر لەکاتی قسەکردن دروست دەکات، بۆیە لێکۆڵەران ئەوەیان دەرخستووە، کە "مرۆڤ ٧٪ بە وشەکان و٣٨٪ بە ئاوازەی دەنگی ٥٥٪ بە زمانی جەستە پەیوەندیەکانیان ئەنجام دەدەن. " (مامە، ٢٠٢١، ٧١-٧٢) هەروەها لە توێژینەوەیەکی تردا ئەوە دەسەلمێنێت، کە "٧٥٪ ئەو واتایەی لە دەربڕاوەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا وەردەگیرێت پشت بە دەربڕینی نازمانی دەبەستێت، تەنها لە ٢٥٪ واتاکە لەخودی وشەکانەوە وەردەگیرێت" (عەبدوڵا، ٢٠١٥، ٢٢) بۆیە پێویستییە لەکاتی پەیوەندیکردنی زمانی، پەیوەندیکردنی نازمانی بەکار بهێنین و بە گرنگی بزانین و سەرنج بدەینە جووڵە و و ئاماژە جەستەییەکان، هەروەها " (برد هۆیس) پێیوایە: ڕەگەزی زارەکی (قسەکردن) کەمترە لە (٣٥٪) و ڕەگەزی نازارەکیش (زمانی جەستە) زیاترە لە (٦٥٪). هەروەها (بیردوستل)، ئەوەی سەلماندووە، کاتێک کەسێکی ئاسایی بۆ (١٠) خولەک دەدوێت، ئەوا بۆ هەر ڕستەیەک نزیکەی دوو چرکە و نیو کاتی پێویستە، لەم ماوەکەمەشدا نزیکەی (٢٥٠٠٠٠) جووڵە و هێما، لەسەر جەستە و ڕووخساری دەردەکەون." (ڕەفیق، ٢٠٢٠، ١٨٥)

(١-٢) چەمک وزاراوەی هێماسازی :

هێماسازی ئەو زانستە گشتییە، کە ئەرکی سەرەکی شیکردنەوەی واتای ئەو هێمایانەیە، کە مرۆڤ ڕۆژانە لەکاتی پەیوەندیکردندا بەکاریان دەهێنێت، ئینجا ئەم هێمایانە زمانی بن یان نازمانی بن، کە بە بەردی بناغەی پەیوەندیکردنی مرۆڤەکان دادەنرێن و پەیوەندییەکانی لەسەر بنیاد دەنرێن.

هێماسازی وەکوو زاراوە (لە هەردوو زاراوەی (سیمیۆلۆژیا- Semiology) و (سیمیۆتیکس- Semiotics) هاتووە، هەردوو زاراوەکە لە وشەی (سیمیۆن- Semeion) ی گریکییە و بە واتای هێما دێت و لە وشەی (لۆگۆس- Logos) کە بە واتای گوتار یان ئاخاوتن یاخود دوواندن دێت، دواتر بەپێی کات لەگەڵ فراوانبوونی واتاکەی، واتای زانستیشی دەگەیاند هاتووە، بە لێکدانی هەردوو وشەی (سیمیۆن- Semeion) و (لۆگۆس- Logos) زاراوە (سیمیۆلۆژیا- Semiology) دروست بووە، کە ئەمڕۆ بەو زانستە دەڵێن کە لە هێما دەکۆڵێتەوە.) (توسان، ١٩٩٤، ٤) کەواتە زاراوەی (سیمۆلۆژیا و سیمۆتیکس) هاوواتای یەکترن و بۆ یەک مەبەست بەکاردێن.

زاراوەی (سیمیۆلۆژیا و سیمیۆتیکس) لە کۆتایی سەدەی نۆزدەم سەریان هەڵدا، لە لایەن (سۆسێر) و (چارلس پێرس)، زاراوەی (سیمیۆلۆژیا) زیاتر لە ئەوروپا بەکار دێت و بڵاوە، بە تایبەت لە وڵاتی فەرەنسا، یان ئەو وڵاتانەی کە کاریگەری زمانی فەرەنسییان لەسەرە، لەلایەن (سۆسێر) ی سویسری کە لە لۆزانی پاریس ژیاوە، لە ناو تیۆرەکەی بەرجەستە کراوە،، هەرچی زاراوەی (سیمیۆتیکس) زیاتر لە وڵاتەکانی ناسراو بە (ئەنگلۆساکسۆنی) بڵاوترە، بەتایبەت ئەمریکا یان ئەو وڵاتانەی کە زمانیان ئینگلیزییە، چونکە

ئەم زاراوەیە لەلایەن (چارلس پێرس)ی ئەمریکی، لە زانکۆی شیکاگۆ بناغەی تازەی بۆ لێکۆڵینەوەی بۆ هێماکان دامەزراند. لە زمانی کوردیدا کۆمەڵێک زاراوەی جیاوازی بۆ بەکارهاتووە، بەڵام لە هەموویان زیاتر زاراوەی هێماسازی بەکارهاتووە.

سوسێر بە یەکێک لە ڕابەرەکانی ئەم زانستە دادەنرێت، هەرچەندە سەرەتا سوسێر پێیوابوو "سیمۆلۆژیا وەک زانست بە لێکۆڵینەوە لە نیشانەکان و بە ڕەهەندی کۆمەڵایەتییەوە دەبەسترێتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە، کە سیمۆلۆژیا لە نێو ژیانی کۆمەڵایەتییدا لە نیشانەکان دەگەڕێت، بەو مانایەی ئەرکێکی کۆمەڵایەتی دەبینێت، هەروەها پێوەندییەکی بەهێزیشی لەگەڵ دەروونناسی کۆمەڵایەتیدا هەیە" (عومەر خۆشناو، ٢٠١٦، ٤) کەواتە، سوسێر لە بواری کۆمەڵایەتییەوە مامەڵەی لەگەڵ هێماکان کردووە، بۆیە ئەم هەوڵانەی سەرەتا نەچۆتە ناو چوارچێوەی زانستی هێماسازییەوە، تا بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی بە ناوی (کۆرسی زمانەوانی گشتی)، کە بریتییە لە وانەکانی لە لایەن قوتابییەکانی دوای مردنی کۆکراونەتەوە، هەرچەندە گرنگی بە زمانەوانی گشتی دەدات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێشبینی کردووە یان ئەوەی دەرخستووە، کە ئەم زانستە سەرهەڵدەدات. هەندێک لایەنی تیۆری ئەم زانستەی خستووەتە ڕوو.

سوسێر پێی وایە ئەم زانستە دێتە کایەوە کە گرنگی بە هێماکان و ئەو یاسایانە دەدات کە هێماکان ڕوون دەکەنەوە، کە ژیانی خەڵک و کۆمەڵگەی لەسەر دامەزراوە، هەروەها بوونێکی کۆمەڵایەتی هەیە، دەیبەستێتەوە بە دەروونناسی گشتی، زمان بە سیستەمێک لە هێما لە قەڵەم دەدات، کە دەڵێت: "زمان سیستەمێکە لەو هێمایانە پێک دێت، کە گوزارشت لەبیر و بۆچوونەکان دەکەن، لەبەر ئەوە لە سیستەمی نووسین دەچێت، هەروەها لە ئەلف و بێی کەڕەکان(نابیست) و لە شێوازی گفتوگۆی ئاسایی و هێما سەربازییەکان... هتد دەچێت، لەگەڵ ئەوەشدا، لە هەموو ئەم سیستەمانە گشتگیرترە، دەکرێت وێنای ئەم زانستە بکرێت، کە لە کرداری هێماکاری ناو کۆمەڵگە دەکۆڵێتەوە، ئەم زانستە پێویستە بەشێک بێت لە دەروونناسی کۆمەڵایەتی و دواتر ببێتە بەشێک لە دەروونناسی گشتی، کە ناوی بنرێت بە (هێماسازی) " (مامە، ٢٠٢١، ٧) لەگەڵ ئەوەشدا سوسێر هێماسازی تێکەڵ بە زانستەکانی تر کردووە، وەک دەروونناسی کۆمەڵایەتی کەوایە پێویستە دەروونناسەکانیش جێگە و پێگەی هێماسازی دیاری بکەن، چونکە بە تەنیا ئەرکی زمانەوان نییە، هەروەها سوسێر هێماسازی لەگەڵ زمانەوانی بەراورد کردووە و زمانەوانی بە بەشێک لە زانستی گشتی هێماسازی داناوە و کە باس لە هێماکان دەکات و ئەو یاسایانە باس دەکات، بەهۆی هێماکانەوە دەدۆزرێنەوە، کە بۆ زمانەوانی گونجا و و پێویستن، بۆیە دەڵێت: " زمانەوانی تەنیا بەشێکە لە سیمۆلۆژیا، ئەو یاسایانەی کە سیمۆلۆژیا دەیان دۆزێتەوە دەکرێت لە زمانەوانیدا بەکاربهێنرێن، بەم شێوەیە زمانەوانی لە نێو کۆمەڵەی ڕووداوە مرۆڤایەتییەکان دا، سەر قەڵەمڕەوێکی تەواو دیاریکراو دەبێت" " (مشەختی، ٢٠٠٧، ١٤) کەوایە ئەگەر هێماسازی زانستێک بێت بۆ شیکردنەوەی واتا و بایەخ بە واتا بدات، ئەوا خودی زمانیش پێک هاتووە لە کۆمەڵێک هێما، بۆیە هێماسازی و زمان پێویست و پەیوەستداری یەکترین، لەیەکتر جیا ناکرێنەوە.

(پێرس) فەیلەسووفێکی ئەمریکییە، دامەزرێنەری فەلسەفەی پراگماتیکە، لەگەڵ ئەوەشدا لە هێمای کۆڵیوەتەوە و بایەخی پێداوە، بەڵام لە ڕوانگەی فەلسەفە و لۆجیکەوە، بە یەکێک لە توێژەرانی هێما و تیۆری هێمایی دادەنرێت، کە پێوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ واتادا لە پراگماتیکدا هەیە، " تیۆری هێمایی دانا، وەک ئەوەی سوسێر، تەنها زمانەوانی نەبوو، بەڵکوو بۆ بنیاتنانی سیستەمێکی نوێی زانین بوو، کە هەریەکە لە فەلسەفە و فینۆمینۆلۆژی و لۆژیک و سیمۆتیکی لەخۆ گرتبوو، چونکە بە بڕوای پێرس ئێمە تەنها لە هێمادا بیردەکەینەوە و هەروەها بۆ (پێرس) سەرجەمی هزر لەسەر هێما وەستاوە" (حوسێن، ٢٠٢٢، ٢٥) واتە لای پێرس هێما شتێکی ئاڵۆزە و هەر شتێکیش ئاڵۆز بێت ڕەنگە لای پێرس بە هێما دابنرێت، کەواتە هێما لای پێرس لەچاو سوسێر فراوانتر و گشگیرترە، چونکە سوسێر هێمای تەنیا لە

چوارچێوەی زماندا ئاماژە پێكردووە، ئەمیش وەک هێمایەكی زمانی، بەڵام پێرس بە نزیككردنەوە لە كەلتووره جیاوازەكان لێی ڕوانیوە، ئەمەش لە چوارچێوەی فەلسەفە و لۆجیكدا. كەواتە هێماسازی وەک زانستێک "لەگەڵ بیروبۆچوون و توێژینەوەكانی پێرس دەستی پێكردووە، كاری لەسەر هێما و دەلالەت و پێوەندییەكان كردووە" (عەلی، ٢٠١٣، ٣١) بۆیە دەتوانین بڵێن هێماسازی نەدەبووە ئەو زانستە ئەگەر پێرس نەبووایە، ڕاستریش وایە بوترێت هەر یەک لە هەوڵەكانی سوسێر و پێرس بۆ ناساندنی هێماسازی، گەوره و بەبایەخن، كەواتە هێماسازی بە چەندان قۆناغدا تێپەڕیوە تا گەیشتۆتە ئەم قۆناغەی ئێستە كە وەک زانستێكی سەربەخۆ بناسرێت، لە فەلسەفە و لۆجیک و دەروونناسی كۆمەڵایەتی دابماڵرێ و تێكەڵ بە چەندان زانست و بواری تر بكرێت، كە بۆتە مایەی سوود بۆیان و هەموو بوارێكی ژیانی گرتۆتەوە.

لەگەڵ فراوانبوونی هێماسازی بۆ ناو هەموو كایەكانی ژیان، تێكەڵبوونی بە هەموو بوارەكانی تری وەک فەلسەفە و ئایین و زانست و لۆژیک و ماتماتیک و فیزیا....هتد فراوانبوونی سنووری هێماسازی، كۆمەڵێک قوتابخانە سەری هەڵدا، وەک قوتابخانەكانی (فەڕەنسی و ڕووسی و ئەمریكی)، هەروەها هێماسازی بۆ چەند جۆر و ئاراستە دابەش كراوە و هەر ئاراستەیەک بە شێوەی جیا جیا باسیان لێوە كردووە، بۆ نموونە: ئاراستەی نیشانداری (دەلالەتی)، ئاراستەی ڕۆشنبیری (كەلتووری)، ئاراستەی پێوەندیكردن. (بڕوانە طاهر، ٢٠١٤، ٢٩)

(٢-٢) هێماسازی پێوەندیكردن:

هێماسازی پێوەندیكردن ئاراستەیەكی گرنگە لە ئاراستەكانی هێماسازی، مەبەست لێی ئەوەیە كە هەر هێمایەک جگە لەوەی كە دەبێت (دال و مەدلول) هەبێت، ئەوا دەبێت مەبەستێک یان پەیامێكی هەڵگرتبێت و لە پێوەندیكردندا بەكاربێت، جا پێوەندیكردنی زمانی بێت، یاخود نازمانی، بۆیە كاریگەری گەورەی لەسەر ئاستی بەرجەستەكردنی ڕێبازی هێماسازی كردووە، بۆیە زاناكان وەک یەكێک لە ئاراستە بەهێزەكان لێیان ڕوانیوە، بەشێوەیەک گەلێک زاناش توێژینەوەیان لەسەر ئەنجام داوە.

"سەرەتای دەركەوتنی ئەم ئاراستەیە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٤٣) كاتێک بویسێنس (Buyssens) لە توێژینەوەكانیدا سەبارەت بە سیستەمی پێوەندی نوێنەرایەتی كردن دەیخاتە ڕوو.

بەڵام بەشێوەیەكی گشتی ئەم ئاراستەیە هەریەک لە (بویسێنس، پریتۆ، ئۆگەستین، ڤیتگنشتاین، مۆنان، ئاندرێ مارتینی، گرایس) دەگرێتەوە." (باپیر، ٢٠٢٢، ٢٢)

بویسێنس پێی وایە هێماسازی " توێژینەوەیە لەسەر ڕێگاكانی پێوەندیكردن و ئەوشتانەش كە بەكاردێن بۆ پێوەندیكردن و كاریگەری لەسەر وەرگر دروست دەكەن و كاریان تێدەكەن." (بنور، ٢٠٠٧، ١١) بەپێی ئەم بۆچوونە بێت هێماسازی پێوەندیكردنە، پێوەندیكردنیش پێویستی بەو كاریگەری و كارتێكردنەی وەرگر هەیە، كە پەیامەكە وەردەگرێت.

بویسێنس لەپێناو "دەستنیشانكردنی سروشتی كۆمەڵایەتی هێماكان، پەنای بردۆتە بەر سوسێر، تاوەكوو بتوانێت واتای هێماكان دەستنیشان بكات، هەروەها دەیەوێت ئەركی پێوەندیكردن و تایبەتمەندییەكانیان پیشان بدات و لێكیان بداتەوە لە ناو سیستەمی هێماكاندا." (طاهر، ٢٠١٤، ٣١) كەواتە "ئەم ئاراستەیە سەرچاوەكەی بۆ بیر و ڕاكانی سوسێر دەگەڕێتەوە، چونكە كاركردن لەسەر نیشانە و هێماكان لە ناو ژیانی كۆمەڵایەتیدا، هێماسازی لە كردەی پێوەندیكردندا، بریتییە: لە نواندنی هێما و نیشانەكان لە ئاخاوتندا بەشێوەی پەیام دەگەیەنرێ. واتە هێما دەنگی و نادەنگییەكانی ئاخاوتن هەڵگری مەبەستن و پەیامەكانیش دەگوازنەوە" (مامە، ٢٠٢١، ١٦) بەم پێیەبێ دەتوانین بڵێن هێماسازی پێوەندیكردن " زۆر چەمكی خۆی لە تیۆری زمانەوانی نوێ وەرگرتووە، چونكە جیاوازی گەوره بەدی ناكەین لە نێوان زمانەوانی نوێ و هێماسازی پێوەندیكردن، هەروەها زانایانیش جیاوازی لە نێوانیاندا نابینن، تەنها هەندێ هێماسازی پێوەندیكرن زیادەی خستووەتە سەر بۆچوونەكانی سوسێر" (الأحمر، ٢٠١٠، ٨٥) كەواتە سەرچاوە و بناغەی هێماسازی پێوەندیكردن لە بۆچوونەكانی زمانەوانی نوێ وەرگیراوە بە تایبەت سوسێر و لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک زیادەی خراوەتە سەری. هەندێكیش بۆی زیاد كراوە.

لایەنگرانـی ئـەم ئاراسـتەیە پێیـان وایـە کـە هێـماکان لەسـەر بنەمـای پێوەندیکـردن دابـەش دەبـن بـۆ پێوەندیکـردنی زمـانی، کـە لـە ڕێگـەی نووسـین و قسـەکردنەوە ئەنجـام دەدری، هەروەهـا نازمـانی لـە ڕێگـەی ئامـاژە و وێنـە و زمـانی جەسـتە..هتد ئەنجـام دەدرێـت، بـەم پێیـە بێـت، پێوەندیکـردنی تێکەڵیـش دێتـە کایـەوە کـە هـەردوو هێـماکان دەگرێتـەوە، ئەویـش زمـانی و نازمانیـن.

(٢-٣)چەمک و پێناسەی هێما:

چەمکـی هێـما مێژوویێکـی کـۆن و دوور و درێـژی هەیـە، مـرۆڤ هـەر لەدێرزەمانـەوە هێـمای بـەکار هێنـاوە، بـە مەبەسـتی پێوەندیکـردن و لـە یەکگەیشـتن، هەروەکـوو ئـەو هێمایانـەی کـە لەسـەر دیـواری ئەشـکەوتەکان یـان لەسـەر پێسـتی ئاژەڵـەکان یـان هـەر شـتێکی تـر کـە دۆزراوەتـەوە، ئەمـەش ئـەوە دەسـەلمێنێت، کـە مـرۆڤ بەکارهێنـەری سـەرەکی هێماکانـە و وەکـوو پێویسـتییەکانی ژیانیـش سـوودی لێوەرگرتـوون، لـە نـاو هەمـوو میللەتـانی جیهـان هێـماکان هـەن، بۆیـە هێـما بـە گەلێـک جـۆر لێکدراوەتـەوە، "بنچینـەی ڕاسـتی وشـەکە لـە (Sumballin)ی گریگـی وەرگیـراوە، بـە مانـای هاوبـەشی و یەکگرتنـی دوو شـتە لـە یـەک ڕوانگـەدا (Symbolon) وەکـوو : نـاو، نیشـانە، دروشـم، ڕەمـز، ڕادەگەیەنـرێ" (عەبـدوڵا، ٢٠١٥، ١١٧)، "ئـەو زمانانـەی بەکاریـان هێنـاوە وەکـوو یاسـای فۆنەتیکـی زمانەکـەی خۆیـان گونجاندویانـە. لـە زمـانی ئینگلیزیـدا (Symbol) و لـە فەرەنسـیدا (Symbole) لـە ڕووسـیدا (Cumbo) و لـە ئیسـپانی (Simbolo)، هەروەهـا لـە زمـانی فارسـیدا پێـی دەوترێـت (ڕمـز، سـمبل، سـمبۆل، نمـاد) " (حەمـەد، ٢٠١٢، ٧)

لـە فەرهەنگـی عەرەبیـدا وشـەی (رمـز)ی بـۆ بەکارهاتـووە، ناسـاندنی هێـما لـە ئاسـتی ئامـاژەدا بەرجەسـتە کـراوە، وەک (قەیـروز ئابـادی) لـە فەرهەنگەکـەی خۆیـدا بـەم شـێوە لـە هێـما دەدوێـت: " ئاماژەکـردن بـە لێـوەکان، چـاوەکان، بـرۆکان، دەسـت، دەم، زمـان" (عەبدولرەحـمان، ٢٠٢٠، ١٧) هەروەهـا (الجاحـظ) پێناسـەی هێـمای بـەم شـێوەیە کـردووە و دەڵێـت: "ئاماژەدانـە بـە دەسـت و چـاو و لێـو و شـان." (الجاحـظ، ١٩٨٨، ٨٣)

لـە زمـانی کوردیشـدا، چەنـدان زاراوە بـۆ هێـما بەکارهاتـووە وەکـوو "ڕەمـز، هێـما، جەڤەنـگ" (کـۆڕی زانیـاری کـورد، ٢٠٠٦، ١٠٠) بـەڵام زاراوە (ڕەمـز) زیاتـر بـۆ توێژینـەوە ئەدەبییـەکان بەکارهاتـووە، بـۆ نموونـە: (ڕەمـز لـە شـیعرەکانی شـێرکۆ بێکەسـی شـاعیر، ڕەمـز لـە شـیعری هاوچەرخـی کـوردی، کرمانجـی خـوارووی کوردسـتان ١٩٧٠-١٩٩١)، بـەڵام لـە توێژینـەوە زمانەوانییـەکان زاراوەی (هێـما) بەکارهاتـووە، ئێمـە وشـەی (هێما)مـان لا پەسـەندتر بـوو، بۆیـەش لـەم توێژینەوەیـەدا بەکارمـان هێنـاوە.

ڕەگ و ڕیشـەی ئـەم زاراویـە "لـە کۆنـدا زاراوەیەکـی فەلسـەفی و لاهـووتی بـووە، زیاتـر لـەوەی ئەدەبـی بێـت، ڕەنگـە لـە هەمـووی زیاتـر ئاینـی بێـت، کـە تێیـدا بـە واتـای مەزەنـدە و هەڵهێنـانی شـتێک هاتـووە. کردارەکەشـی کـە (Sumbol) بـووە، لێکچـوونی نێـوان هێـما و هێمابۆکـراو دەگەیەنێـت، کـە بنەمایەکـی بنەڕەتییـە لـە دروسـتبوونی هێـمادا، واتـا شـتێک واتـای شـتێکی تـر بگەیەنێـت و بێپشتگوێخسـتنی واتـا ڕاسـتییەکەی خـۆی." (سـالار، ٢٠٠١، ٥٢) بـەڵام ئەرسـتۆ یەکـەم کەسـە، کـە لـە ئاسـتی زمانـدا لـە هێـما دواوە کـە دەڵێـت: " وشـەکان هێـمان بـۆ واتـای شـتەکان، وشـە وتـراوەکان هێـمان بـۆ دۆخـی دەروون، وشـە نووسراوەکانیـش هێـمان بـۆ وشـە وتـراوەکان " (حسـێن، ٢٠٢٢، ٧) بـەم پێیـە ئەرسـتۆ هێـما بـۆ هـزر دەگەڕێنێتـەوە، ئەمـەش ئـەوە دەردەخـات، کـە مرۆڤـەکان لـە بیـر و هزریانـدا هێـما دروسـت دەکـەن و دایدەڕێـژن، زمـانی وەک هێمایـەک بـۆ بیـر دانـاوە، هێـمای بـۆ وشـەکان داڕشـتووە و بـۆ گەیشـتن بـە واتـا. کەواتـە هێـما ئـەو کەرسـتەیەیە، کـە هێماسـازی لەسـەر بنیاتـنراوە، بـۆ ڕوونبوونـەوە و تێگەیشـتنی زیاتـر دەڵێـن هێـما بریتییـە " لـەو نیشـانانەی کـە مـرۆڤ بـۆ شـتەکانی دەوروبـەری بـە خواسـت و ویسـتی خـۆی دایـناوە، بـە مەبەسـتی لێـک جیاکردنـەوەی شـتان بەکاریـان دێنێـت" (عـەلی، ٢٠١١، ١٠) کەواتـە، لـە هـەر کۆمەڵگـە و چیـن و توێژێکـدا، بەپێـی ئـەو یاسـاو دەسـتوورەی کـە لـە ناویانـدا هەیـە و لەگـەڵ ئـەو ڕێککەوتنـە کۆمەڵایەتییـەی لەسـەری ڕێککەوتـوون، هێمایـان بـۆ شـتە بەرجەسـتە و نادیـارەکان دانـاوە، بـۆ مەبەسـتی جیاکردنـەوەی شـتەکان لـە یەکـتری و بـۆ زیاتـر لـە یەکترگەیشـتنیان.

هێـما بـەوە دەنـاسرێ کـە: "هـەر شـتێک، گوزارشـت لـە شـتێکی جیـا لـە خـۆی بـکات هێمایـە" (عەلـی، ٢٠١١، ٩) یـان " چەنـد دەنگێکـە شـتێک دەنوێنـێ کـە خۆیـان نیـن و مـرۆڤ بـە ئـارەزووی خـۆی هێـما بـۆ شـتێک دادەنێـت، تاوەکـوو ژیـانی ڕۆژانـەی ڕێـک بخـات و کەسـەکان لـە یەکـتر بگـەن " (دزەیـی، ٢٠١٠، ٣٨) کەواتـە لـەوەوە بۆمـان دەردەکەوێـت، هێـما دوو ڕووی هەیـە ئەوانیـش (فـۆڕم و واتـا)ن، واتـە فـۆڕم بریتـی دەبێـت لـە شـێوەی دەرەوەی هێماکـە، ئەگـەر زمانـی بێـت ئـەوا زنجیـرە دەنـگ و ڕسـتە و فرێـز و... هتـد، ئەگـەر هێـمای نازمانیـش بێـت ئـەوا بریتـی دەبێـت لـە نیشـانەکان و وێنـەکان و ئامـاژەکان. هەرچەنـدە هێـما زمـانی و نازمانییـەکان نوێنەرایـەتی شـتەکە دەکـەن، بـەڵام خـودی شـتەکە نیـن، بەڵکـوو ڕێککەوتنێکـی کۆمەڵایـەتی وای کـردووە، واتاکانیـان تێـدا بەرجەسـتە بێـت، بـۆ نموونـە: کاتێـک ئێمـە دەڵێـن (گـوڵ)، پێـک هاتـووە لـە چەنـد دەنگێـک (گ، و، ڵ) کـە دەبێتـە فـۆڕم بـۆ هێـمای (گـوڵ)، بـەڵام خـودی گـوڵ نییـە و وەک گـوڵ ناکرێتـە دیـاری و سـیفاتەکانی گوڵـی تێـدا نییـە، ئەمـەش وایکـردووە کـە جیـاوازی نێـوان زمانـەکان دروسـت ببێـت. بۆیـە " ئەگـەر ڕێککەوتنـی کۆمەڵایـەتی نەبوایـە ئـەوە لـە هەمـوو زمانـەکانی جیهانـدا یـەک فـۆڕم بەرانبـەر یـەک واتـا دەبـوو." (دزەیـی،٢٠١٥، ٢٣)، بـەم پێیـە بـۆ ئـەوەی هێمایـەک بـوونی دروسـتی هەبێـت پێویسـتە تاکـەکانی کۆمەڵگـە لەسـەری ڕێـک بکـەون و بڕیـاری بەکارهێنـانی بـدەن، واتـە بـوون بـە هێـما پێویسـتی بـە ڕێککەوتنـی کۆمەڵایـەتی هەیـە، پێویسـتە کۆمـەڵ لـە سـەری ڕێکبکـەون.

یــان دەکرێــت بڵێیــن هێــما " توخمــی پێکهێنــەری بنجـی بنەڕەتیـی تیـۆری هێـما (هێمالۆژی)یـە، کـە لـە ڕێـی هێمادانانـەوە هێنراوەتـە ئـاراوە و دەهێنرێتـە ئـاراوە. بـەم پێیـە هێـما پـۆلی نادیـاری گشـت چشـتە پەیپێبراوەکانـە، لەگـەڵ هەمـوو ئەوانـەی بـۆ پەیپێـبردن و درکپێکـردنی مـرۆڤ لـە بـارن و مـرۆڤ دەتوانـێ پەیـان پـێ ببـات." (مەحـوی، ٢٠٠٩، ٣٦)، کەواتـە هێـما شـتێکی بەرجەسـتەیە و ئامـاژە بـە شـتێکی نابەرجەسـتە دەکات، وەکـوو ئـەوەی کـە دەڵێیـن کۆتـری سـپی هێـمای ئاشـتییە، یاخـود سـەگ هێـمای وەفادارییـە.

هەروەهـا هێـما "بریتییـە لـەو نیشـانەی کـە مـرۆڤ بـۆ لـە یەکـتر گەیشـتنن، یـان وەک چەکێـک بـۆ بیرکردنـەوە بەکاریاندەهێنێـت" (فتـاح، ٢٠١٠، ١٢٣) کەوایـە هەمـوو ئـەو نیشـانە و هێمایانـە دەگرێتـەوە کـە دەسـتکردی مـرۆڤ بـن یـان سروشـتی یـان پەرازمـانی کـە مـرۆڤ بـۆ پێوەندیکـردن بەکاریـان دەهێنێـت.

(٢-٤)جۆرەکانی هێما:

بـە شـێوەیەکی گشـتی هێـما دەکرێتـە دوو جـۆر، کـە لـەم توێژینـەوەدا پشـتی پـێ دەبەسـترێت، کـە بریتیـن لـە:

(٢-٤-١)هێمای زمانی:

هێـما زمانییـەکان بـە یەکێـک لـە تایبەتمەندییـە ناوازەکانـی مـرۆڤ دادەنرێـت، بـۆ پێوەندیکـردن و لـە یەکـتر گەیشـتن، چونکـە زمـان پێڕەوێکـی هێمایییـە کـە واتـا دەبەخشـێت.

تـەواوی یەکـەکانی زمـان دەگرێتـەوە، کـە بریتیـن لـەو فۆڕمانــەی هەڵگــری واتــان و بەکارهێنانیــان هەیــە، وەک: (مۆرفیـم، وشـە، گـرێ، ڕسـتە، گوتـن، دەق، ئاخاوتـن)، لـەو جـۆرە هێمایانـەدا پێوەنـدی نێـوان فـۆڕم و واتـا پەیوەندێکـی لێکچـوون نییـە، بەڵکـوو پێوەندییەکـی ڕێکەوتنـی کۆمەڵایەتییـە، لـە نێـو زمانـە جیاجیاکانـدا فۆڕمـی تایبـەتی بـۆ بەکاردەهێنرێـت وەک : فۆڕمـی (دەرگا) لـە کـوردی، لـە زمـانی عەرەبیـدا بەرانبەرەکـەی (بـاب)ەو لـە زمـانی ئینگلیزیـدا بەرانبەرەکـەی (Door)ە، شرۆڤەکـردنی ئـەم هێمایانـە پێویسـتی بـە شــارەزایی و فێربوونــە" (دزەیـی، ٢٠١٥، ٣١)

دەتوانیــن بڵێیــن هێــما زمانییــەکان "یەکەیەکــی زمانییــە زۆربـەی کات بـە وشـە دەردەبڕێـت، ئـەم هێمایـە ئامـاژە بـۆ شـتێکی هەسـت پێکـراو، یاخـود هـزرو بیرێکـی نابەرجەسـتە دەکات، ئـەو هزروبیرانـەی کـە ئاماژەیـان بۆدەکرێـت خۆیـان نیـن، بەڵکـوو ئـەو پێوەندییـەی لـە نێـوان ڕەگەزەکانـدا هەیـە لـە ئەنجامـی ڕێککەوتنـی کۆمەڵایەتیـەوە پەیدابوون."(احمـد، ٢٠١٣، ١٥) سوسـێریش زیاتـر لـە وشـەوە بـۆ هێـما دەڕوانێـت و شرۆڤـەی دەکات، دەگاتـە ئـەو ئەنجامـەی کـە هێـما بەشـێکە لـە زمـان و خـۆشی بریتییـە لـە پێوەنـدی، بۆیـە زمـان بـە پێڕەوێکـی هێمایـی دادەنێـت. "بڕواشـی وایـە کـە واتـای وشـە دەبـێ دوو لایـەنی هەبێـت فـۆڕم و واتـا یـان (نـاو و ناولێـنراو)، بـەڵام لەسـەر ئـەوەش سـوورە کـە ئـەم دووانـە لـە یەکـتر ناکرێنـەوە و پێوەنـدی نێوانیـان لـە خۆوەیـە. سوسـێر

پێوەنـدی نێـوان فـۆڕم و واتـا بـە هێـما دادەنـێ بەلایـەوە هێـما دانەیەکـی سـەرەکی پێوەندیکردنـە، لەبـەر ئـەوەی هێـما بەشـێکە لـە زمـان و خـۆشی بریتییـە لـە پێوەنـدی، هێـما دانەیەکـی هۆشـەکییە بـەم جـۆرە زمـان بەلایـەوە بریتییـە لـە پێڕەوێکـی هێمایـی" (فرهـادی، ٢٠١٤، ٤٧٧) مەرجیـش نییـە هێـما لـە یەکەیەکـی وەک وشـە کـورت بکرێتـەوە، چونکـە " لـە ڕووی پێکهاتنـەوە یەکـەکانی زمـان هەموویـان وەکـوو یـەک نیـن، بۆیـە سـنوور دانانرێـت بـۆ درێـژی هێـمای زمانی...هـەروەک دەتوانیـن ڕسـتەیەکی درێـژ تەنانـەت پارچـە ئاخاوتنێکیـش هەمـوو بـە تاکـە هێمایـەک دابنێیـن" (محمـد صالـح، ٢٠١٩، ٨) هێـما زمانییـەکان هێـما نـووسراو و درکاوەکان دەگرێتـەوە، کـە بریتیـن لـەو فۆڕمانـەی هەڵگـری واتـان و بەکارهێنانیـان هەیـە. کەوایـە هێـما زمانییـەکان بەگشـتی دوو جـۆرن:

١-هێـمای دەربـڕاو: ئـەو گفتوگـۆ و ئاخاوتنانـەی نێـوان کەسـەکانن بەشـێوەیەک دەناسرێنـەوە، کـە دەنگـی لەگـەڵ دابێـت.

٢- هێـمای نـووسراو: بریتیـن لـەو هێمایانـەی کـە نـووسراون و بەبـێ دەربڕینـن وەک (وشـە و ڕسـتە ،...هتـد)

هێـما زمانییـەکان لەگـەڵ ئـەم دوو جـۆرەی کـە باسـمانکرد زمـانی ئامـاژەش دەگرێتـەوە، سـەرەڕای ئـەوەی کـە زمانەکـە دەنگـی لەگـەڵ دانییـە و نووسراویـش نییـە، بـە هـۆی جووڵانـدنی دەسـت و دەم و چـاو و لێـو و برۆیـە بـۆ مەبەسـتی پێوەندیکـردن لەگـەڵ خەڵـک بـەکار دێـت، بـەڵام ئـەم بزاوتنانـە پێویسـتیان بـە فێربـوون و زانیـاری هەیـە، لـە نێـو کۆمەڵـەکانی نێـو کۆمەڵگەیەکـدا جیـاوازە و مانـای تایبـەتی خـۆی هەیـە، بـۆ نموونـە تێگەیشـتن لـە زمـانی کـەڕ (نابیسـت) و لاڵـەکان (ناگـۆکان) پێویسـتی بـە فێربـوونی تایبـەتی هەیـە بـۆ ئـەوەی بتوانرێـت مەبەسـتیان لای کەسـی بەرانبـەر ڕوون و ئاشـکرا بێـت.

(٢-٤-٢) هێمای نازمانی:

ژیـان بەجۆرێـک ئاڵـۆز و تێکچـڕژاو بـووە، وای کـردووە کـە پێویسـتییەکانی ڕوو لـە زیادبـوون بکـەن، بۆیـە وای لـە مـرۆڤ کـردووە، جگـە لـە زمـانی دەربڕیـن ونووسـین، ڕێگـەی تریـش بگرێتـە بـەر بـۆ پێوەندیکـردن و لەیەکترگەیشـتن، ئەوانیـش " زمـانی جەسـتە و گەیانـدنی نازمانییـە، چونکـە زمـانی جەسـتە و هێـمای وێنەیـی و نازمـانی لـە پێکهاتـە دەنگییـەکان پـتر نهێنـی دەردەبڕێـت" (حەمـە ڕەشـید مەعـروف، ٢٠١٣، ٢٨٢) هێـما نازمانییـەکان ڕۆڵێکـی گرنگیـان هەیـە لـە پێوەندیکردنـدن و زوو گەیانـدنی واتـادا، زۆربـەی هێـما نازمانییـەکان کەسـانی خوێنـدەوار و نەخوێنـدەوار لـە واتـاکانی دەگـەن. چونکـە ئـەم هێمایـە لـە کەسـێکەوە بـۆ کەسـێکی تـر ناگۆڕێـت پێویسـتی بـە فێربـوون نییـە، لـە قوتابخانـە، "شرۆڤەکـردن و لێکدانـەوەی ئـەم جـۆرە هێمایانـە لای هەمـوو کەسـی یـەک کۆمەڵگـە وەک یەکـە پێویسـتی بـە زانیـاری سروشـتی هەیـە نـەک فێربـوون" (دزەیـی، ٢٠١٥، ٣٢) بۆیـە بەکارهێنـان و تێگەیشـتنی پەسـەندترە لـە کۆمەڵگـە.

هێـما نازمانییـەکان جگـە لـە هێمازمانییـەکان هەمـوو جـۆرەکانی هێـما دەگرێتـەوە، لەبـەر ئـەوەی مـرۆڤ خـاوەنی هەسـتی (بینیـن، بیسـتن، بۆنکـردن، بەرکەوتـن)ە، ئـەم فـرە هەسـتییە وای لـە مـرۆڤ کـردووە، کـە پەنـا بـۆ پێوەندیکردنێـک ببـات، بـە هێمانازمانییـەکان ئەنجـام دەدرێـت، بـۆ نموونـە: کاتێـک مرۆڤێـک ئەندامـەکانی ئاخاوتـن لـە دەسـت دەدات پەنـا بـۆ هێـما نازمانییـەکان دەبـا بـۆ پێوەندیکـردن، " واتـە دەکـرێ هێـمای نازمـانی بریتـی بـێ لـە جووڵەیەکـی جەسـتەیی کـە دەچێتـە خانـەی زمـانی جەسـتەییەوە، یـان دەکـرێ بریتـی بـێ لـە هێمایـەک یـان وێنەیـەک یـان زمـانی بەکارهاتـووی یارییـە وەرزشـییەکان و هێـماکانی فڕۆکـەوانی و ئاگرکوژێنـەوە و پۆلیسـی هاتوچـۆش دەگرێتـەوە" (محمـد صالـح، ٢٠١٩، ١٠) یـان دەکرێـت بڵێیـن: (ئـەو نیشـانە نازمانییانـەن، کـە لـەلای کۆمەڵگـە پەسـەندکراون، بـە مەبەسـتی لـە یەکـتر گەیشـتن بەکاریاندەهێنێـت، وەک سـیمای دەم و چـاو، گڵۆپـی هاتوچـۆ، نیـگا و چـاو تێبڕیـن، تـا ڕادەیـەک جـل و بـەرگ، ئامـاژەکان و وێنـە... هتـد) (مەحـوی، ٢٠٠٩، ٥٤)

بـە بـڕوای بەشـێک لـە زمانەوانـەکان، هێمانازمانییـەکان زیاتـر بـەکار دێـن، چونکـە سـەرەتای قسـەکردنی مـرۆڤ لـە هێمانازمانییـەکان دەسـتی پێکـردووە و دروسـتبووە، بەشـێوەیەک ناتوانرێـت ئـەم کاریگەرییـە هەسـتی پـێ نەکرێـت و لابرێـت، بەڵکـوو تـا ئێسـتەش ئـەو کاریگەرییـە شـوێن پەنجـەی خـۆی لەسـەر ئاخاوتنـی مـرۆڤ دیـارە و

ماوەتــەوە، بۆیــە زمانەوانــانی وەک (ڤۆنــت، مــار، پیاجــە) هێــمای نازمــانی بــە ســەرەتای قســەکردن دادەنێــن و کــە پێیــان وایــە " تــا ئێســتە ئــەم بزاوتنانــەی وەک: ســەرلەقاندن و لێوگەســتن و چاونوقاندن...هتــد کــە تــا ئێســتە لــە زمــانی ئاخاوتنــدا بەکارهێنانیــان هەیــە." (دزەیــی، ٢٠١٥، ٣٢)

هێــما زمانییــەکان جیادەکرێنــەوە لــە هێمانازمانییەکانــدا، بــەوەی کــە لــە نێــوان فــۆڕم و واتــادا پێوەندییەکــی لەخۆوەیــە و لێکچــوون لــە نێوانیانــدا هەیــە، هێــما نازمانییــەکان پانتاییەکــی گــەورەی داگیــر کــردووە لــە هەمــوو لایەنــەکانی ژیــان، ئەمــەش وای کــردووە، کــە بــە چەنــد شــێوەیەک دەربکەوێــت و بکرێتــە چەنــد جۆرێــک.

هێمای نازمانی ئەم جۆرانە دەگرێتەوە:

نیشانە

ئاماژە[٢]

(٢-٤-٢-١)وێنە:

وێنــە زمانێکــی بــێ دەنگــە، زمانێکــی جیهانییــە، زۆربــەی مرۆڤــەکان لــە زمــانی وێنــەدا هاوبەشــن، خوێنــدەوار و نەخوێنــدەوار لێــی تێدەگــەن، بەیەکێــک لــە هــۆکارە گرنگــەکانی گواســتنەوەی بیــر و زانیــاری دادەنرێــت و گوزارشــت لــە ژیــان دەکات، ڕەنگــە وێنەیــەک ڕەنگدانــەوە بێــت لــە ڕووداوێــک یــان پەیامێــک.. هتــد، کــە ناتوانرێــت بــە ڕێگــەی کتێبێــک یــان ئاخاوتنێکــی زۆر ئــەم گوزارشــتکردنە دەربب‌ڕدرێــت، "هــەروەک وتەیەکــی (چیــن)ی هەیــە دەڵێــت: وێنەیــەک گوزارشــت لــە هــەزار وشــە دەکات." (دزەیــی، ٢٠١٥، ١٧٨) وێنــەکان کاریگــەری زیاتریــان هەیــە لەســەر هەســت و نەســتی مــرۆڤ و زۆرتــر لــە یادگەمــان دەمێننــەوە، چونکــە بــە چــاو دەبینرێــن، بێگومــان هەســتی بینینیــش کاریگــەری زیاتــرە بەبــەراورد بــە هەســتەکانی تــر، بۆیــە وێنــە لــە بــواری پــەروەردە و فێرکــردن، هەروەهــا لایــەنی تریــش ڕۆڵــی بەرچــاوی هەیــە، توێــژەران گرنگــی هەســتی بینینیــان دەرخســتووە، وەک "جیــرۆم بۆنــەر) ی پــەروەردەکاری ئەمریکــی دەریخســتووە، کــە خەڵکــی تەنیــا لــە ١٠٪ی ئــەو شــتانەیان لــە بیــرە کــە دەیبیســتن و ٣٠٪ی ئــەوەی دەیخوێنــەوە ٨٠٪ی دەبینیــن" (ســعید، ئــەوانی تــر، ٢٠٢١، ٦٠-٦١)

وێنــە مێژوویێکــی دوور و درێــژی هەیــە، لــە ســەرەتای مرۆڤایەتییــەوە، بۆ دەربڕینی هەســت و ســۆز و بیــر و بۆچوونەکان بەکارهاتــووە، مرۆڤــەکان لەســەر بــەرد و نــاو ئەشــکەوتەکان نەخشــاندوویانە، بەڵگــەش بــۆ ئەمــە هەمــوو ئــەو نەخــش و وێنانەیــە، کــە بــەردەوام بەهــۆی زانســتی شوێنەوارناســییەوە دەدۆزرێنــەوە، مانــا و مەبەســتی نوێــی لــێ هەڵدەچێنــن.

وێنــە لــە پێوەندیکردنــدا، بــۆ گەیانــدنی پەیــام بــە هۆیەکــی گرنــگ دادەنرێــت، لــە ڕێگــەی کەناڵــی بینینــەوە، بەشــێوەیەکی ســەرەکی پشــت بــەو شــتە دەبەســتێت کــە بــە پێوەندیکــردنی نازمــانی و جووڵــە فیزیکییــەکان نــاسراوە، بــاری جەســتە و دەربڕینــی دەم و چــاو و هەمــوو ئــەو زانیارییانــە لــە وێنەکــەدا دەدۆزرێتــەوە، چونکــە وێنــەکان زانســت و زانیارییەکــی زۆریــان تێدایــە و هەڵگــری هەســت و ســۆزن، تــا ئاســتێکی بــەرز کاریگــەری لەســەر وەرگــر دەکــەن، بــەڵام لەگــەڵ ئەوەشــدا وەرگرتنــی زانیــاری لــە لایــەن وەرگــرەوە ڕێژەییــە و ناتواندرێــت بــە تــەواوی واتــا لــە ڕێگــەی وێنــە هۆشــەکییەکانەوە بگوازرێنــەوە، چونکــە تێکــەڵ بــە هەســت و بۆچــوونی کەســانی تــر دەبــن.

لــەم جــۆرە هێمایــەدا پێوەنــدی نێــوان فــۆڕم و واتــا جــۆرە لێکچوونێــک لــە نێوانیانــدا هەیــە، وێنەکانیــش چەنــد جۆرێکــن:

(٢-٤-٢-١-١)وێنەی ڕاستەقینە:

ئــەو وێنانــەن کــە هەســتپێکراون و لــە دەوروبەرمانــدا هــەن، ئــەم وێنانــە لــە واقیــع بوونیــان هەیــە، بەرجەســتە دەکرێــن وەک: (دار و بــەرد و خانــوو.... هتــد)، هەمــوو ئەمانــە ئامــاژە بــۆ شــتێکی بەرجەســتەکراو دەکــەن، جیــان لــەو وێنــە هۆشــەکییانەی لــە ڕێگــەی هــۆش و مێشــکی مرۆڤــەکان لێکدەدرێنــەوە و نابەرجەســتەن، وەک (ئاشــتی و جــوانی و مرۆڤایــەتی).

لــە وێنــەی ڕاســتەقینەدا پەیوەنــدی نێــوان فــۆڕم و واتــا تاڕادەیەکــی زۆر لێکچــوون لــە نێوانیانــدا هەیــە. لــە چــاو جــۆرەکانی تــری وەک وێنــەی هۆشــەکی و وەســفی.

وێنەی ڕاستەقینەش دەکرێتە سێ جۆر:

(٢-٤-٢-١-١-١)وێنەی فۆتۆگرافی:

ئــەم جــۆرە وێنەیــە گوزارشــتکردنە لــە گواســتنەوەی واقیعــی ڕووداوەکان و دیمەنــەکان، کــە تێــدا وێنــەی کاری ڕۆژانــە و بابــەت و هــەواڵ و زانیــاری و وێنــەی کەســی دەگرێتــەوە، خوێنــداوەر و نەخوێنــدەوار لــە وێنــەکان

دەگەن، لەبەر ئەوەشە "ئەو جۆرە وێنەیە بەرجەستەیە و ڕاستی دەگوازێتەوە، وەکوو بەڵگەیەک بەکار دێت بۆ گواستنەوەی ڕاستی" (دزەیی، ٢٠١٥، ١٧٤) ئەم جۆرە وێنە زیاتر لە بواری ڕاگەیاندن و پێگەکۆمەڵایەتییەکان هەروەها لە سایتە ئەلیکترۆنییەکانیش بەکار دێت.

"وێنە لە ڕاگەیاندا، لە میدیای نووسراو بینراودا، وەک بەڵگەیەک بۆ پشتڕاستکردنەوەی ڕووداو و بابەتەکان پشتی پێدەبەسترێ، کاریگەری لەسەر خوێنەر و بینەر دروست دەکا، چونکە وەک ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر، دەبن بە گەواهی بەسەر ڕووداو و بابەتەکانەوە." (مامە، ٢٠٢١، ١٥٤-١٥٥) زۆر جاریش بۆ یادگاری و مانەوەی بیرەوەرییەکان یان بۆ دەرخستنی بابەت و کەسەیەتییەکان بەکار دێت.

ئەم جۆرە وێنەیە بۆ زۆر بوار سوودی لێ وەردەگیرێت و بەکار دێت، بواری وەرزشی بێ بەش نییە لەو سوود و گرنگییە.


وەک لەم وێنەیەدا دیارە، وێنەیەکی فۆتۆگرافییە و دەچێتە قالبی وێنەی ڕاستەقینە.




دەبینین یاریزانی ئەرجەنتینی لیۆ میسی دەردەکەوێت، تۆپێکی ئاڵتوونی هەڵگرتووە[3]، وەک لە باکگراوندی وێنەکەدا دیارە، وێنەکە هی ساڵی ٢٠١٥یە، چونکە لیۆ میسی هەڵگری ئەم تۆپە ئاڵتوونییە، کەواتە ئەو باشترین یاریزان بووە بۆ ئەم ساڵە. ئەم وێنەیە کۆمەڵێک قسەمان بۆ دەکات وەک ئەوەی میسی وەرزێکی باش و سەرنجڕاکێشی پێشکەشکردووە و کێبرکێی چەند یاریزانێکی تریشی کردووە، واتە یەک وەرزی تەواوی لە سەرجەم خول و پاڵەوانەتییەکاندا بە شێوەیەکی نایاب بریوە بۆیە سەرئەنجام ئەم خەڵاتەی بەدەست هێناوە.

(٢-٤-٢-١-١-٢) وێنەی نەخشە:

" ئەم جۆرە وێنەیە لە شێوەی هێما بەکار دێت زیاتر لە بواری ئەندازە و جوگرافیا و ماتماتیکدا...هتد، بەکاردەهێنرێت و واتایەکی ورد و ڕاستەقینەدەگوازیتەوە وەک وێنەی نەخشەی خانوو، وڵات، یاریگای وەرزشی،...هتد) "(صالح،٢٠١٩، ٩٤)



ئەم وێنەیە، یەکێکی ترە لە جۆرەکانی وێنە و دەچێتە چوارچێوەی وێنەی نەخشەیی، دیارە ئەم جۆرە وێنەیە لە زۆر بواری جیاوازدا بەکار دێت، لە بواری وەرزشیدا سوودی زۆری لێ وەردەگیرێت، بە تایبەتی لە دانانی پلانی ڕاهێنەراندا، لەم وێنەیەدا چوار نەخشەی دانانی پلانی ڕاهێنەران دیارە، کە جیاوازن لەیەکتر، بە جۆرێک وێنەی یەکەم پلانی ڕاهێنەرەکەیە، بریتییە لە (٤، ٥، ١) ئەمەش بە واتای ئەوە دێت، ڕاهێنەر بە چوار بەرگری و ٥ ناوەڕاستکار و ١ هێرشبەر یاریدەکات. هەروەها لە وێنەی دووەمدا پلانی ڕاهێنەرەکە بریتییە لە (٤، ٤، ٢) ئەمەش بە واتای ئەوە دێت، ڕاهێنەر بە ٤ بەرگری و٤ ناوەڕاستکار و ٢ هێرشبەر یاریدەکات. هەروەها لەوێنەی سێیەمدا پلانی ڕاهێنەرەکە بریتییە لە (٣، ٥، ٢) ئەمەش بە واتای ئەوە دێت، ڕاهێنەر بە ٣ بەرگری و ٥ ناوەڕاستکار و ٢ هێرشبەر یاریدەکات. هەروەها لە وێنەی چوارەمدا پلانی ڕاهێنەرەکە بریتییە لە (٤، ٣، ٣) ئەمەش بە واتای ئەوە دێت، ڕاهێنەر بە ٤ بەرگری و ٣ ناوەڕاستکار و ٣ هێرشبەر یاریدەکات.

(٢-٤-٢-١-١-٣) وێنەی هێمایی:

ئەم وێنانە دەگرێتەوە کە دەستکردی دەستی

مرۆڤەکانن و خۆیان دایان هێناوە و وێنەکانیان لە واقیعەوە وەرگرتووە، ئەم وێنانە هەڵگری واتایەکن، کە چینی خوێندەوار و نەخوێندەوار لێیان تێ دەگەن، وەک نیشانەکانی هاتوو وچۆ و قەدەغەکردنی جگەرە و هەڵگرتنی چەک... هتد.

لەم وێنەیە هێمایەدا لۆگۆی یانەی ئەرسنالی ئینگلیزییە، ئەگەر سەیری لۆگۆکە بکەین کۆمەڵێک وێنەی جیاوازی تێدا بەدی دەکەین، بۆ نموونە: ئەگەر سەیری تۆپەکە بکەین، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دروستبوونی یانەکە لە لایەن Borough of Woolwich کە پێوەندییەکی بەهێزیان هەبوو لەگەڵ تۆپخانەکانی شاهانەی بەریتانیدا هەبووە، هەروەها لە هەردوولای لۆگۆکە دوو لقە دار هەیە کە هەریەکە و ١٥ گەڵای پێوەیە، کە هێمایە بۆ ئەو ١٥ کەسەی کە لەسەرەتاوە هەریەکە و ٠.٦ پاوەندیان کۆکردەوە بۆ دامەزراندنی یانەکە. (The meaning behind ((some of football's most iconic crests (optus.com.au

ئەمەش لۆگۆیەکی تری یانەیەکی ئینگلیزییە بە ناوی چێلسی لە ساڵی ٢٠٠٥ وە دروست کراوە، بەتایبەتی لەدوای ئەوەی کە ڕۆمان برامۆڤیچ بووە خاوەنی یانەکە. شێرەکەی سەر لۆگۆیۆکە گەڕانەوەیە بۆ لۆگۆی ساڵانی پەنجاکان ئاماژەیە بۆ شێرەکەی Abbot of Westminster لە لەندەن. گوڵەکانی تەنیشتەکانیش هێمایە بۆ ئینگلتەرا. (Nilsson, 2018, 42-43)

ئەمە لۆگۆیەی جامی جیهانی قەتەرە، کە لە زستانی ساڵی ٢٠٢٢ بەڕێوەچوو، کۆمەڵێک هێمای جیاواز و تایبەت لەخۆی دەگرێت، کە شایانی شیکردنەوە و وەستانە لەسەری وەک: ئەم هێمایانە لەخۆ دەگرێت:

١- لۆگۆکە لە شێوەی ژمارە هەشتی ئینگلیزییە، بە واتای ئەوە دێ کە ئەم مۆندیالە[٤] لە وڵاتی قەتەر لە هەشت یاریگەدا بەڕێوە دەچێت، کە هەر هەشت یاریگاکە بۆ مۆندیالەکە دروست کرابوون.

٢- لۆگۆیەکە لەشێوەی شاڵێکی خەد، دادە، کە خەڵکی جیهانی بەگشتی و وڵاتانی کەنداو بە هەموو شێوەیەک دەیپۆشن لە وەرزی زستاندا، دیارە مەبەست لەم شاڵەش ئەوە دەگەیەنێت کە مۆندیالەکە لە وەرزی زستاندا بەڕێوەچووە.

٣- شێوەی لۆگۆیەکە لە شێوەی جامی جیهانیین کە براوەی مۆندیال بەدەستی دەهێنێت.

٤- لۆگۆکە لە شێوەی ئینفیتییە کە بەواتای بێکۆتایی دێت، کە ئەم مۆندیالە وەکوو یادگاریەک یان دەستکەوتێکی بێ کۆتایی بۆ وڵاتی قەتەر دەمێنێتەوە.

٥- لەسەر لۆگۆکە هەندێک نەخش لە شێوەی گەڵای دار هەن، کە شاڵەکەی ڕازاندووەتەوە، ئەمەش بە واتای ئەوە دێ کە جیاوازەکانی کولتووری وڵاتانی ئاسیا شتێکی باوە، بە تایبەت وڵاتانی کەنداو.

٦- لۆگۆکە چەند شێوەی چەماوە و پێچاوپێچی تێدایە لە شێوەی بیابان دەچێت، کە وڵاتی قەتەری پێ دەناسرێتەوە. (دروشمی لۆگۆکەی مۆندیالی قەتەر چی دەگەیەنێت؟ YouTube)

(٢-٤-٢-١-٢)وێنەی هۆشەکی:

جۆرێکی تری وێنەیە، کە مێشکی هەر مرۆڤێک بەپێی ڕادەی تێگەیشتن و زانیاری و ئەزموونی خۆی شیکردنەوە و لێکدانەوەی ئەم جۆرە وێنەیە دەدات، بۆ وێنەکە دەدات، چونکە ئەم جۆرە وێنەیە، بەرجەستە ناکرێت و ڕاستەقینە نییە، لە واقیع و لە دەوروبەرمان هەستی پێ ناکەین، بۆیە "بە پێی بۆچوون و شیکردنەوە و چەمک و شارەزای کەسەکان دەگۆڕێت، لەبەر ئەوەیە واتای ئەم وێنەیە واتایەکی گۆڕاوی هەیە و سیمای چەسپاوی نییە" (سەلیم، ٢٠١٠: ٢٥) بۆ نموونە کە دەڵێین (مرۆڤایەتی) ئەوا هەر وەرگرێک بە گوێرەی ئەزموون و تێگەیشتن و زانیاری وێنەیەکی هۆشی (زەین) لە مێشک دروست دەبێت.

وێنەی هۆشەکی دوو جۆری هەیە:

(٢-٤-٢-١-٢-١)وێنەی تابلۆی هونەری:

ئەم جۆرە لە وێنەیە، واتەیەک دەدات کە تێکەڵی هەست و سۆزی کەسەکەیە و لە ناخی هونەرمەندکەوە هەڵدەقوڵێت، بۆ تێگەیشتن و لێکدانەوەی ئەم جۆرە وێنەیە پێویستیە لە هەست و سۆزی هونەرمەندەکە بگەین، هەروەها پێویستی بە بیرکردنەوە و تێرامان و شارەزاییەکی باش هەیە لە ڕێبازەکانی هونەری، چونکە ناتوانین بە ئاسانی لەم جۆرە وێنەیە، تێبگەین. زۆرجار ئەم تابلۆیانە بۆ دروستکردنی ئامانجێک بەکار دەهێنرێن.



وێنەی تابلۆی هونەری،بەوە لە جۆرەکانی تری وێنە جیا دەکرێتەوە، کە بە دەست دەکێشرێت و کەمێک لە واقعی وێنە ڕاستەقینەکە دوور دەکەوێتەوە. ئەوەی لەم تابلۆیە دەخوێندرێتەوە، یان تێبینی دەکرێت، وێنەی یاریزانی بەناوبانگی چەند هەڵبژاردەیەک دەرکەوتوون، لەگەڵ ئەوەشدا لە تابلۆکە وێنەی جامی جیهانی هەیە، لەگەڵیشیدا جۆرێک لە پێکدادان و شەڕ بەرچاو دەکەوێت، ئەمەش بە واتای ئەوە دێت سەرجەم هەڵبژاردە بەشداربووەکانی جامەکە هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی جامەکە دەدەن، دەکرێت ئەم تابلۆیە چەندان خوێندنەوەی تری هەبێت، چونکە تابلۆش وەک هۆنراوە وایە،خوێندنەوەی جیاواز هەڵدەگرێت.

(٢-٤-٢-١—٢-٢)وێنەی کاریکاتێر:

ئەم جۆرە وێنەیە بە شێوەیەکی هونەریی باس لە ڕووداوێک یان دیاردەیەک یان کێشەیەک دەکات، لایەنە شاراوەکانی شتێک دەخاتە ڕوو، هەوڵدەدات بە شێوەیەکی گاڵتەئامێز ڕەخنە لە ڕاستییەکان یان دیاردەکان بگرێت، " زۆربەی جار هونەرمەندی کاریکاتێر لە پێناوی وروژاندا هەندێک پارچەی وێنە کاریکاتێرەکە بچووک دەکاتەوە و هەندێکیان گەورە دەکات، بەڵام هونەرمەند هەوڵدەدات، کە خودی ڕاستەقینەی وێنەکە بپارێزێت" (احمد، ٢٠١٢، ٦٤) ئەمەش زۆرجار لە ڕۆژنامە و گۆڤار و پێگە کۆمەڵایەتیەکان و سایتەکان بڵاو دەکرێتەوە.



لە وێنەی کاریکاتێریدا، ئەوەندەی گرنگی بە پەیام دەدرێت، ئەوەندە گرنگی بە جوانی و ڕێکیی وێنەکە نادرێت. چونکە کاریکاتێر هونەرێکی تەنزئامێزی وێنەکێشانە، وێنەیەک کە زیادەڕەوی لە شێواندنی سیما سروشتییەکان یان تایبەتمەندییەکانی دەکات، بە ئامانجی گاڵتەکردن یان ڕەخنەگرتن.

ئەوەی لەم کاریکاتێرەدا دەردەکەوێت، هەریەکە لە (ئیبراهیم ئۆڤیچ، کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ، لیۆ میسی)ـن، لەگەڵیشیاندا هەریەکە لە (ئیم پاپی، هالاند) دەرکەوتوون، لەبەرانبەر ڕۆناڵدۆ و ئۆڤیچدا چۆکیان داداوە، ئەمەش بە واتای ئەوە دێت کە، دەبن بە شوێنگرەوە، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت، ئەوەیە میسی هیچ یاریزانێکی لەبەردەمدا نییە، بەڵکوو جامێک لەگەڵیدا دەرکەوتووە، ئەمەش دوو واتای هەیە:

١ – میسی پیاوی ناسناوەکانە، واتە ئەگەر میسی هەبێت، هەموو ناسناوێک دەبێت.

٢ – هیچ یاریزانێک توانای شوێنگرتنەوەی میسی نییە.

٣- میسیش لە هەردوو یاریزانەکەی تر باشترە، بەوەی کە شوێگرەوەی نییە.




لــە کاریکاتێــری دووەمــدا بــە گشــتی بــاس لەســەر جامــی جیهانییــە، بــاس لــەو هەڵبژاردانــە دەکات، کــە لــە پاڵاوتنەکانــدا بــۆ کۆتاییەکانــی جامــی جیهانیــی ســەرکەوتوون، کــە شــەمەندەفەرەکەئەو یاریزانانــەی هەڵگرتــوون، کــە ســەرکەوتوون بــۆ مۆندیــال، کــە یاریزانــانی هەڵبــژاردەی ئینگلــترا و ســویسرا دیارن،یاریزانــەکانی تــر هەوڵــی ســەرکەوتنی شــەمەندەفەرەکە دەدەن بــەڵام شــەمەندەفەرەکە جێهێشــتوون، هەروەهــا یاریزانێکــی هەڵبــژاردەی ئیتاڵیــا دەرکەتــووە، کــە پشــتی لــە یاریزانەکانــی تــرە و بــاری دەروونــی تێکشــکاوە، ئەمــەش بــەو واتایــە دێــت، کــە هەڵبــژاردەی ئیتاڵیــا ســەرنەکەوتووە، بــۆ کۆتاییەکانــی جامــی جیهانیــی.

(٢-٤-٢-١-٣) وێنەی وەسفی:

ئــەم جــۆرە وێنــە بــاس لــە شــتێکی بەرجەســتەکراو دەکات لــە ڕێگــەی وەســفێکی وردەوە، ئەویــش بــە دەرخســتنی ســیماکانی شــتە بەرجەســتەکراوەکان، نێــرەر بــە وەرگــری دەناســێنێت، وەرگــر وێنەیــەک لــە هــزری دروســت دەبێــت، وەکــوو ئــەوەی وایــە خــۆی شــتەکەی بینــی بێــت.

زۆر جــار ئــەم وێنەیــە لــە بــواری ئەدەبیــدا بــەکار دێــت لــە لایــەن شــاعیرانەوە کــە وەســفی شــتێک دەکــەن، بــۆ نموونــە (هێمــن) لــە شــیعری (گوڵــی هیــوا) وەســفی (ئەختــەر) بــە (چــاو مەســت، ئیلهــام بەخــش، میللــەت پەرەســت، تفەنــگ بەدەســت) دەکات، وێنــەک لــە هــزری خوێنــەر دروســت دەکات و دەڵێــت:

ئەختــەر کچــی کــوردی چــاو مەســت!    ئیلهــام بەخــشی شــیعری پــڕ هەســت!

ئــەی پێشــمەرگەی میللــەت پەرەســت    کــە دیتمــی تفەنــگ بەدەســت

هەروەهــا لــە ســەدەی نۆزدەهــەم لــە ئەوروپــا بــە هــۆی وەســفی گەواهیدەرەکانــەوە وێنــەی تاوانبــارەکان دەکێــشران، بەجۆرێــک لــە ســەرەتای پرۆســەی دروســتکردنی وێنــەی دەم و چــاوی تاوانبارەکــە ڕاپۆرتێکــی نافەرمــی پــڕ دەکرێتــەوە لــە لایــەن گەواهیدەرەکــەوە، ئــەوەش بــۆ ئــەوە بــوو پرۆســەی بەبیرهاتنــەوەی و وردەکاری دەم و چــاوی تاوانبارەکــە ئاســانتر بــکات. ئینجــا وێنــە کێشــەکە دەســتی دەکــرد بــە دروســتکردنی وێنــەی تاوانبارەکــە، "هونــەری دروســتکردنی وێنــەی تاوانبــار تەکنیکێکــە، کــە بــەکار دێــت بــۆ دروســتکردنی وێنــەی تاوانبارێکــی نەنــاسراو لەســەر بنەمــای وەســفکردنی بەشــەکانی دەم و چــاوی تاوانبارەکــە لــە لایــەن گەواهیــدەر و کۆکردنــەوەی لــە یــەک وێنــەی تــەواو. وێنەکــەش بریتــی دەبێــت لــە تێگەیشــتنی گەواهیدەرەکــە بــۆ تاوانبارەکــە لــەو کاتــەی، کــە گەواهیدەرەکــە تاوانبارەکــەی بینیــوە." ٢٠١٠،Mancusi, ٣" ئــەم وێنەیــەش پێــی دەوترێــت وێنــەی وەســفی.

لــە وەرزشیشــدا، کــە بــاسی یاریزانێکــت بــۆ بکرێــت کــە، بڵێــن یاریزانێکــە کــە، (لێــدانی پێــی ڕاســت و چەپــی هەیــە، ڕاکــردنی خێرایــە و وزەیەکــی زۆری هەیــە و مانــدوو نابێــت لــە ســەرەتای یــاری تاوەکــوو کۆتایــی یاری،....هتــد). وای لــێ دێــت تاڕادەیــەک وێنــەک لــەلای وەرگــر دروســت دەبێــت.

ئەنجام:

لــە پێوەندییــە وەرزشــییەکاندا وێنــەی جــوڵاو و نەجــوڵاو هەیــە.

وێنــەی ڕاســتەقینە زیاتــر بــۆ بــواری ڕاگەیانــدن و سۆشــیال میدیــا بەکاردێــن.

بەشــێک لــە هێــما وێنەییــەکان هــەم نێــرەرن و هــەم پەیامــن لــە یــەک کاتــدا.

وێنەکان شتەکان نیین، بەڵام واتای شتەکان دەگەیەنن.

بەشــێکی زۆر لــە هێــما نازمانییــەکان (وێنــە هێماییــەکان) لــە کــۆدە دروســتکراوەکانن. کــە بەپێــی ڕێکەوتنــی کۆمەڵایەتییــەوە دروســت بــوون.

-بەشــێک لــە هێــما وێنەییــەکان لــە پێوەندییــە وەرزشــییەکاندا، تێگەیشــتنیان ئاســانن و خوێنــدەوار و نەخوێنــدەوار تێیــان دەگــەن و هەروەهــا وەک زمانێکــی جیهانیــی وایــە، لــە هەمــوو کۆمەڵگەیــەک یــەک واتــا دەدات.

پەراوێزەکان:

١- (کۆنیشانەناسی/ نیشانەناس) کـۆڕی زانیـاری کـوردی، ٢٠٠٦: ٧٩) – هێماسـازی (داسـتان صابـر مامـە،٢٠٢١: ٥) – هێمالۆجی (عبدولواحید موشیر دزەیی، ٢٠١٠: ٣٠) و (محمد معـروف فتـاح، ٢٠١٠: ١١١)– زانسـتی هێـما (محەمـەد مەحـوی، ٢٠٠٩: ٩)

٢ – لـەم توێژینەوەیـەدا تەنهـا باسـی هێـمای وێنەییـمان کـردووە، واتـە باسـی جۆرەکانـی تـری هێمامـان نەکـردووە.

٣- ئـەم تۆپـە ئاڵتوونییـە نـاوی (باڵـۆن دۆرە)، لـە لایـەن گۆڤـاری فرانـس فتبۆڵـی فەرەنـسی و یەکێتـی تۆپـی پێـی جیهـانی (FIFA)ـەوە بـە هاوبـەشی دەدرێـت بـە باشـترین یاریزانـی سـاڵ لەسـەر ئاسـتی جیهـان.

٤- مۆندیـالی بـە واتـای جامـی جیهـانی هەڵبـژاردەکان دێـت، کـە پاڵەوانەتییەکـی وەرزشـی تۆپـی پێیـە، تـا ئێسـتە ژمـارەی هەڵبـژاردە بەشـداربووەکان تێـدا (٣٢) هەڵبژاردیـە، بەسـەر هەشـت گـروپ دابـەش دەکرێـت، ئـەم ڕووداوە وەرزشـییە چـوار سـاڵ جارێـک ئەنجـام دەدرێـت لـە وڵاتێکـی دیاریکـراودا.

لیستی سەرچاوەکان:


سەرچاوە کوردییەکان:

_ فتـاح، محمـد معـروف (٢٠١١)، زمانـەوانی، چاپـی سـێیەم، چاپخانـەی حاجـی شـەهاب، هەولێـر.

_عبدالرحمـن، شـیلان عوسـمان (٢٠٠٩)، کارابـوونی زمـان لـە پێوەندییـە کۆمەڵایەتییەکانـدا، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی هاوسـەر، هەولێـر.

_ سـورخی، ڕەحیـم (٢٠٠٨)، پرۆسـەی پێوەندیـی جەمـاوەری، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی خـانی، دهـۆک.

_ جـراد، چـۆلی ئەسـعەد (٢٠١٣)، زمـان لـە ڕاگەیانـدنی بیـنراودا، نامـەی ماسـتەر، کۆلێـژی زمـان، زانکـۆی سـلێمانی، سـلێمانی.

_ صالـح، تـارا مشـیر (٢٠١٩)، پەیوەنـدی نێـوان زمـان و هێـما لەگـەڵ واتـا و وێنـە، گۆڤـاری زانکـۆی گەرمیـان، خـولی (٦) ژمـارەی تایبـەت بـە پێنجەمیـن کۆنگـرەی زانسـتە مرۆڤایەتییـەکان.

_ ئەحمـەد، شـەرمین ڕەسـووڵ (٢٠١٧)، بنەمـاکانی هاریـکاری گرایـس لـە پەیوەنییەکۆمەڵایەتیـەکان (کـوردی ناوەڕاسـت)، نامـەی ماسـتەر، کۆلێـژی پـەروەردەی بنـەڕەتی، زانکـۆی سـەلاحەددین، هەولێـر.

_ ئەحمـەد، شـنە ئەبوبەکـر (٢٠٠٨)، زمـانی جەسـتە (لێکۆلینەوەیەکـی وەسـفی مەیدانییـە)، نامـەی ماسـتەر، کۆلێـژی زمـان، زانکـۆی سـەلاحەدین، هەولێـر.

_ عبدالکریـم، کاوە (٢٠٠٧)، زمـان و پرۆسـەی پێوەندیکـردن، گۆڤـاری ڕامـان، ژمـارە (١١٨)، هەولێـر.

_ ڕەفیـق، هـاوکار (٢٠٢٠)، هونـەر و ئەتەکێتـی گفتوگۆکـردن، چاپـی سـێیەم، چاپخانـەی ناوەنـدی وارڤـان، سـلێمانی.

- عەبـدوڵا، شـلێر ڕەشـید (٢٠١٥)، پرۆسـەی گەیانـدن و چالاکبوونـەوەی فۆڕمـە زمانی و نازمانییـەکان لەزمـانی کوردیـدا، نامـەی ماسـتەر، فاکەڵتـی زانسـتە مرۆڤایەتییـەکان، سـکوڵی زمـان، سلێمانی.

- مامـە، داسـتان صابـر (٢٠٢١)، ڕۆڵی هێـما نازمانیـەکان لـە ئاخاوتنـی کوردیـدا، نامـەی ماسـتەر، کۆلێـژی زمـان، زانکـۆی سـەلاحەددین، هەولێـر.

- عـەلی، بەکـر عومـەر و حسـەین، ئـازاد ئەحمـەد (٢٠١٣)، دەوروبـەری زانی توێژینەوەیەکـی سـینتاکسی – پراگماتیکییـە، گۆڤـاری زانکـۆی سـلێمانی ژمـارە (٤٢)، کۆلێـژی زمـان، سـلێمانی.

- حەمەڕەشـید مەعـروف، ئـارام عەبدولواحیـد (٢٠١٣)، ڕێزگرتـن لـە زمـانی کوردیـدا، چاپخانـەی لەریـا، سـلێمانی.

- حەمـەد، پەخشـان سـابیر (٢٠١٢)، ڕەمـز لـە شـیعری هاوچەرخـی کـوردی، کرمانجـی خـوارووی کوردسـتان ١٩٧٠-١٩٩١، چاپخانـەی حاجـی شـەهاب، هەولێـر.

- کـۆڕی زانیـاری کـورد (٢٠٠٦)، زاراوەی ئـەدەبی کـوردی (کـوردی، عـەرەبی، ئینگلیـزی)، چاپخانـەی وەرزارەتی پـەروەردە، هەولێـر.

- عەبدولرەحـمان، ئەرشـەد حیتـۆ (٢٠٢٠)، هێماییـن ئایینـی دهۆزانـا نویخـوازا کوردیـدا (ئەحمـەدی مـەلا، سـەباح ڕەنجـدەر، عـارف حیتـۆ، کـەژال ئیبراهیـم) وەک نموونـە، نامـەی دکتـۆرا، کۆلێـژی زمـان، زانکـۆی سـەلاحەددین، هەولێـر.

- عـەلی، تاڵیـب حوسـێن (٢٠١١)، واتاسازی چەند بابەتێکی لێکدانەوەی واتـای وشـە، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات، هەولێر.

- دزەیـی، عەبدولواحیـد موشـیر (٢٠١٥)، زانسـتی سـیمانتیک، چاپـی یەکـەم، ناوەنـدی ئاوێـر بـۆ چـاپ و بڵاوکردنـەوە، هەولێـر.

- دزەیی، عەبدولواحیـد موشـیر (٢٠١٠)، واتاسـازی وشـە و ڕسـتە، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات، هەولێر.

- مەحویـی، محەمـەد (٢٠٠٩)، زانسـتی هێـما، هێـما، واتـا و واتـا لێکدانـەوە، بەرگـی یەکـەم، زانکـۆی سـلێمانی، سـلێمانی.

- فەتـاح، محەمـەد مەعـرووف (٢٠١٠)، لێکۆلینـەوە زمانەوانییـەکان، چاپـی یەکـەم ڕۆژهـەڵات، هەولێـر.

- احمـد، دلڤیـن مقـداد (٢٠١٣)، شرۆڤەکـردنی وێنـە لـە زمـانی کوردیـدا توێژینەوەیەکـی سـیمانتیکی و پراگماتیکییـە، نامـەی ماسـتەر، کۆلێـژی

ئاداب، زانکۆی دهۆک.

- محمدصالح، ئاوات ئەحمەد (٢٠١٩)، شیکردنەوەی هێماکانی هاتووچۆ و هەندێ هێمای تر لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری قەڵای زانست، هەولێر.

- فرهادی، ساجیدە عبداللە (٢٠١٤)، واتای وشە لە نێوان دیدی فرینانددی سوسێر و هالیدیدا، گۆڤاری (الأستاذ)، بەرگی یەکەم ژمارە ٢١١.

- سەلیم، زێرین خورشید، دزەیی، عەبدولوحید موشیر، (٢٠١٠)، واتا و وێنە، گۆڤاری زانکۆ، ژمارە ٤٥، زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر.

- ڕێگر محمد سلیم سعید، عوسمان کەریم عبدالرحیم، توانا عبدالرحمن عبداللە، جوانە ئەحمەد حسین (٢٠٢١)، لێکدانەوەیەکی نوێ بۆ فۆرم و واتای وشە لە زمانی کوردیدا-ئامادەکردنی میتۆدی نوسین و خوێندنەوە بۆ قۆناغی باخچەی منداڵان، گۆڤاری کوردستانیی بۆ توێژینەوەی ستراتیجیی، ژمارە(٩)، سلێمانی.

- عومەرخۆشناو، سەرباز مەجید (٢٠١٦)، سیمۆلۆژیای ناونیشان لە شیعرەکانی (نەوزاد ڕەفعەت)دا، نامەی ماستەر، فاکەڵتی ئاداب، زانکۆی سۆران.

- مشەختی، کامەران ئیبراهیم خەلیل (٢٠٠٧)، سیمۆلۆژیای زمانی سۆفیگەری لە شیعرەکانی (مەلای جزیری) دا، نامەی ماستەر، کولێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

- باپیر، ئاڵا (٢٠٢٢)، سیمۆلۆژیای کەلتوور، چاپی یەکەم، چاپخانەی مێخەک، تاران.

- طاهر، نزار سلمان (٢٠١٤)، سییمۆلۆژیای وێنێ دیتنێ د هۆزانا هەڤچەرخا کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کولێژی ئاداب، زانکۆی دهۆک.

- حوسێن، هەژار فەقێ سلێمان (٢٠٢٢)، هێماگەری لە دەقە واڵاکانی شێرکۆ بێکەسدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

- سالار، عبدالسلام (٢٠٠١)، هێماگەری و ڕەنگدانەوە لە شیعری گۆراندا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی بەشی B، ژمارە (١٠).

سەرچاوە عەرەبییەکان:

- عیساني، ڕحیمة الطیب (٢٠٠٨)، مدخل الی الاعلام والاتصال، جدار للكتاب العالمي للنشر والتوزیع، الجزائر.

_ الصیرفي، محمد (٢٠٠٦)، الاتصال الاداریة، مؤسسة حورس الدولیة، الاسكندریة.

_ شرف، عبدالعزیز (١٩٨٧)، فن التحریر الاعلامي، طابع الهیئة المصریة للكتاب.

_ عبدالعزیز الشخص (١٩٩٧)، اضطرابات النطق والكلام، خلفیتها تشخیصها، انواعها، مكتبة الصقحات الذهبة علاجها، الریاض.

_ مطر، عبدالفتاح ڕجب (٢٠٠٤)، اضطرابات التوصل، (عیزب النطق وامراض اللغة والكلام)، دار السحاب للنشر واتوزیع، مصر.

-توسان، برنار (١٩٩٤)، ما هي السیمولوجیا. ترجمة محمد نظیف،الطبعة الثانیة، افریقا الشرق، المغرب.

- بنور، عقلیة (٢٠٠٧)، الأنساق الدلالیة اللفظیة في النصف من القران الكریم(دراسة في ضوء علم السیمیاء الحدیث). ڕسالة ماجستر، قسم الغة العربیة، كلیة الاداب و العلوم الانسانیة، جامعة الحاج لخضر- الجزائر، غیر منشورة.

- الجاحظ (١٩٨٨)، البیان والتبین، دار مكتبة الهلال، بیروت.

- الأحمر، فیصل(٢٠١٠)، معجم السیمیائیات الدار العربیة للعلوم ناشرون/ منشورات الاختلاف، الطبعة الاولى بیروت/ الجزائر.

سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

- RASUL, K. ABDULKAREEM (2006), The sentax of Journalism with Refence to English and Kurdish, Salahaddin university- Erbil mater Degree-(shelan).

- Eastwood, John (2002), Oxford Guide to English Grammar practice,Oxford University press, in hong kong.

- Aronson, Elliot. Wilson, Timothy D. Akert, Robin ,M & Sommers, Samuel R. (2016) , Social psychology 9th ed. Pearson. Boston.

-Shamas, G. and Wilg, E. (1982) Human, communication Disorders(Anintroduction),U.S.A.

- Gilovich, Thomas, Keltner, Dacher.Chen, Serena & Nisbett, Richard E.(2016) ,Social Psychology, 4th ed.w.w. Norton & company, newyork.

- Mancusi, Stephen (2010). The police composite sketch. Humana Press, NY, USA.

- Nilsson, Leonard Jagerskiold (2018). World football club crests, the desymbol, and symbolism of world football's most famouse club badges. Bloomsbury Sport, London.

سایتەکان:

The meaning behind some of football's most iconic crests (optus.com.au)-

-دروشمی لۆگۆکەی مۆندیالی قەتەر چی دەگەیەنێت؟ YouTube

## ملخص

عنـوان هـذه الدراسـة هـو: الاشـارات الصوريـة في التواصـل الريـاضي. تـم عـرض الصـور و انواعهـا في هـذه الدراسـة كإشـارة غـير لغويـة بحيـث لديهـا دور مهـم في التواصـل الريـاضي و خاصـة في كـرة القـدم. تتكـون الرسـالة مـن جزئـين، في الجـزء الاول تـم مناقشـة اللغـة و التواصـل ثـم تـم توضيـح مفهـوم التواصـل مـع توضيـح انواعـه (لغـوي، غـير لغـوي، مختلـط). وفي الجـزء الثـاني تـم مناقشـة مفهـوم و مصطلـح علـم الاشـارات مـع ذكـر توجـه واحـد مـن توجهـات علـم الاشـارة و هـو توجـه علـم الاشـارة التواصـلي. بعـد ذلـك تـم تعريـف الإشـارة بكلتـا نوعيهـا و هـما (اللغـوي و غـير اللغـوي). و بعدهـا تـم عـرض انـواع الاشـارات غـير اللغويـة و اخـيرا تـم عـرض انـواع الصـور في التواصـل الريـاضي بشـكل فعـلي.
تهـدف الدراسـة الى عـرض الصـورة كإشـارة في التواصـل الريـاضي، وذلـك لأهميـة الرياضـة في الوقـت الحـالي. ولأن كل صـورة تتسـاوي آلآف مـن الكلـمات في عـرض المعنـي.

المفاتيح: التواصل، الإشارة، الرياضة، الصورة، الاشارة غير اللغوية)



## Abstract

This researched is titled: image symbols in sport communications. In this research, the terms image and its types are being discussed as a non-verbal symbol that plays an important role in sport communication, especially in football. The research contains two chapters; the first chapter talks about language and communication. Then the term communication is explained along with its types (verbal, non-verbal and mixed). In the second chapter, the term and concept of semiology is discussed. After that, one approach in semiology is being discussed which is the communication semiology. Later, symbol and its two types (verbal and non-verbal) are being defined with presenting the types of , non-verbal symbols. Finally, image and its types in sport communications are put into practice.
The research aims to presenting image as a symbol in sport communication, since sport nowadays has an essential role and importance. Any image can stand for thousands of words in terms of providing meaning.

Key concepts:( Communication, symbol, sport, image, non-verbal symbol)